Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# شیکاریەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ هۆکار وشوێنەوارەکانی بێکاری

## لای ڕەگەزی مێ


**توێژەر:**

**پ.د. ژیا عباس قادر**


**ئایاری ٢٠٢٦**


Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org

+964 772 330 0005

# بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

| جۆری بڵاوکراوە : | بابەت : | توێژەر: |
|---|---|---|
| توێژینەوە | کۆمەڵایەتی | پ.د. ژیا عباس قادر |

## بەیاننامەی دامەزراوەکە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیجییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

## تێبینی

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٦
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

# شیکاریەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ هۆکار وشوێنەوارەکانی بێکاری لای ڕەگەزی مێ


## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ شرۆڤەکردنی یەکێک لەو کێشانەی، کە گەنجی کۆمەڵگەکەمان بە گشتی و کچانی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان لە ئەمرۆدا پێوەی دەناڵێنن ئەویش مەسەلەی بێکارییە، لێرەوە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە پرسیارێکی ورد و زانستی دەبینێتەوە؛ ئەویش بریتیە لەوەی (ئایا ڕێژەی بێکاری لای ڕەگەزی مێینە زیاترە بەبەراورد بە ڕەگەزی نێرینە ؟ ئەو هۆکارانە چین وادەکات ڕەگەزی مێینە بێکار بن ؟ ئەی دەرفەتەکان چین بۆ کارکردنیان؟) ، ئەم پرسیارەش دەکرێت لە ڕێگەی چەند ئامانجێک بەدی بێت ئەوانیش ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەیە کە بریتیە لە : خستنە ڕووی هۆکارەکانی بێکاری لای ڕەگەزی مێینە لە کۆمەڵگەی کوردی و دەرفەتەکانی کارکردنیان

ئەم ئامانجە لە ڕێگەی چەند ئامانجێکی لاوەکی بەدیدێت کە بریتیە لە (زانینی ئاستی کاریگەری ( وێنەی زەینی بۆ ڕەگەزی مێینە ، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، دەرفەتەکانی کارکردن ) لەسەر بێکاربونیان بە پێی گۆڕاوەکانی (شێوەی دەرەکی –تەمەن – باکگراوندی کۆمەڵایەتی) هەروەها گەیشتن بە کلتوری نوێی کارکردن.

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفی شیکارییە پشتی بە میکس میتۆد بەستووە و بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان ئامرازی (پێوانە و فۆکەس گروپ) ی بەکارهێناوە ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتین لە کچانی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان و نمونەی توێژینەوەکە (٣١١) یەکەی لێتوێژراو وەرگیراوە لە ڕیگەی گوگڵ فۆرم و بە شێوازی ئەلکترۆنی وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە ، لەبەرامبەردا (٨) کەسی لە پسپۆڕ و شارەزایان لەم بوارە وەرگرتووە بۆ فۆکەس گروپەکە، لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە : مێینەبوون یەکێکیکە لە فاکتەرەکانی بێبەشبونی کچانی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان لە پارێزگای سلێمانی بەوپێیەی، کە هۆکارە بایلۆژییە ژنانەییەکانی وەک دوگیانبوون و منداڵبوون زۆرجار وادەکات خاوەنکار بڕیار بدات لە سەر بێبەری کردنیان لەکار و پیشە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە جەستە وادەکات زۆرجار ترسی مانەوەیان لە شوێنی کار، جا بەهۆی جێگەی کارەکە بێت، یان بە هۆی ئەو کەسانە بێت، کە لەوێ کاردەکەن، یان بە هۆی مانەوە بێت تا درەنگانی شەو هۆکارێکی تری بێکاربوونیانە، هەروەها بە بۆچوونی لێتوێژراوان، کە مەبەست لێی کچانی دەرچوی زانکۆ و پەیمانگان لەگەڵ ئەندامانی فۆکەس گروپەکە جەختیان لەوە دەکرد، کە پەروەردەی خێزانی ڕۆڵی هەبێت لە بێکاربونی مێینەکان بەو پێیەی کە لە کۆمەڵگەی کوردی بە کاریگەربوون بە ئایین و کلتور کور و کچ لە منداڵیەوە بە دوو شێوەی جیاواز دروست دەکرێن ئەم جیاوازیەش کاریگەری دەبێت لە سەر کەسێتیان، کە بۆ ئەم هەلومەرج و بارودۆخەی ئێستا ناگونجێت ، هەرچی سەبارەت بە شوێنەوارەکانی بێکاری هەیە لە سەر مێینە ڕوونە کارکردن تەنها بابەتێکی ئابوری نییە ئەوەندەی بابەتێکی دەرونی و کۆمەڵایەتییە، ئەمەش وادەکات بێکاری کاریگەری دەرونی و کۆمەڵایەتی لە سەر مێینە زیاتر بەجێدەهێڵێت وەک لە نێرینە، لە بارەی میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبونەوە وەک ئەوەی لە رای لێتوێژراوان و ئەندامانی فۆکەس گروپەکە دەردەکەوێت کە،سەرەتا لە خێزانەوە دەست پێدەکەین پاشآن داڕشتنەوەی یاساکانی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاری زیاتر بکەن لەسەر بەتواناکردنی کچان.



کلیلە ووشەکان: بێکاری ، بێکاری لای مێینە، دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگا

## Executive Summary

This study aims to investigate the phenomenon of unemployment among female university graduates in the Sulaymaniyah Governorate by analyzing the social, cultural, and structural factors that affect their access to employment opportunities. The research seeks to evaluate the extent to which variables such as societal perceptions of women (mental image/stereotypes), socialization processes, and the availability of job opportunities contribute to female unemployment. These factors are analyzed in relation to specific demographic variables, including physical appearance, age, and social background. Furthermore, the study aspires to contribute to the promotion of a more inclusive and equitable work culture.

The study uses a mixed-methods approach based on descriptive analytical methodology, which combines both quantitative and qualitative data. Data collection instruments included structured measurement tools and focus group discussions to facilitate a thorough understanding of the issue. The study population consists of female graduates from universities and colleges located in the Sulaymaniyah Governorate.

The findings indicate that gender is a significant factor contributing to the unemployment of female graduates. Employers often see women's biological roles, like pregnancy and childbirth, as possible breaks in the flow of work. This can lead to hiring practices that favor men.

Moreover, workplace environments and conditions, encompassing the attributes of particular job settings, interpersonal dynamics, and extended or nocturnal working hours, can elicit feelings of insecurity or discomfort among women, consequently affecting their workforce participation and retention. The study also highlights the influence of religious and cultural norms in the formation of gender roles from early childhood. Boys and girls are socialized in distinct ways, and this differentiation influences personality development and career orientation, which may not correspond with current labor market requirements.

The study highlights that employment is not only an economic necessity but also an essential psychological and social aspect of individual identity and well-being. As a result, unemployment has significant psychological and social effects on women, which may, in specific contexts, be more severe than those faced by men due to existing socio-cultural expectations. Based on these findings, the study suggests that social institutions and civil society organizations should enhance their initiatives to empower young women through professional training programs, confidence-building initiatives, advocacy for equal employment opportunities, and strategies designed to confront entrenched gender stereotypes in the labor market.

Keywords:
Unemployment; Female Unemployment; University Graduates; Gender.

## پێشەکی

بێکاری یەکێکە لە کێشە گەورەکانی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی لە نێو چینی گەنجان بڵاوە بەو پێیەی ساڵانە ژمارەیەکی زۆری خوێندکاری زانکۆ و پە یمانگاکان دەردەچن و هەلی کارکردنیان بۆ نارەخسێت لە دامەزراوە حکومییەکان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەهەدەردانی سەرچاوە مرۆییەکانە کە سەرمایەیەکی نیشتیمانییە بە تایبەت چینی گەنجان، کە خاوەن توانا و وزە یەکی زۆرن ئەگەر بە پلان و بەرنامە ئاراستە نەکرێن و سودیان لێوەرنەگیرێت لەبری ئەوەی ببنە نیعمەتێک بۆ وڵات دەبنە بەڵایەکی گەورە بە هۆی تێکەڵبونیان لەگەل چەندین تاوان و لادان و کێشەی کۆمەڵایەتی. بێکاریی بە پێی پێناسەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ئەو کەسەیە، کە تەمەنی گونجاوە بۆ کارکردن و ئارەزوو توانای کارکردنی هەیە و بە ڕاستی دەگەڕیت بە دوای دەرفەتی کاردا، بەڵام بە هەر هۆکارێک بێت لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی کاری دەست ناکەوێت .

بێکاریی دیاردەیەکی جیهانییە لە تەواوی وڵاتانی دونیا بەرێژەی جیاواز بوونی هەیە بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و تازە پێگەیشتووەکان ڕێژەکە زۆر زیاترە و ناکرێت تەنها وەک دیاردەیەکی ئابووری تەماشا بکرێت بەڵکو دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەرونیشە.

ئەم دیاردەیە وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد زیاتر چینی گەنجان پێوەی گیرۆدە دەبن بەڵام لە نێو گەنجان دوبارە رەگەزی مێ زیاتر دەبێتەوە قوربانی، لەسەر ئەم بنەمایە (دیبورا گرینفیلد) کە جێگری بەڕێوەبەری گشتیە بۆ کاروباری سیاسی لە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی پێی وایە ئەگەر چی ژنان توانیویانە ئاستێکی باش ببڕن لە پێشکەوتن لەهەموو ڕویەکی ژیانەوە ،بەڵام هێشتا لە مەسەلە ئابوریەکاندا یەکسان نین بە پیاوان بەتایبەت لە دەستراگەیشتن بە کار و یەکسانی لەداهات.

بەم پێیە ژنان دوو بەرامبەر بە پیاوان بێکارن بەتایبەت لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی و خێڵەکیەکان ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە لەوانە : هەندێکی پەیوەندیدارە بە ژن بوون و تێڕوانینی کۆمەڵگا و تەنانەت خودی ژنانیش بۆ خۆیان و ئەو وێنە زەینیەی بۆ تواناکانیان دروستکراوە، هەندێکیشی پەیوەستە بە بارودۆخی گشتی کۆمەڵگە لەڕووی سیاسی و ئابووری و کولتوری.

## کێشەی توێژینەوە

بە هۆی کرانەوەی کۆمەڵگەکان لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا و ئەو پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیەی، کە ڕویداوە لەسەرتاسەری جیهان بەگشتی و بەجیهانی بوون و تێکەڵبوونی کولتورەکانی دونیا ، کوردستانیش وەک هەر ناوچەیەکی دیکەی ئەم جیهانە بێبەش نیە لەو کرانەوەیە بەتایبەت لە بابەتی خوێندنی ژنان و کچان و چوونە دەرەوەیان لە چوارچێوەی ماڵ و تێکەڵبونیان بە بازاری کار، ئەوەی تێبینی دەکرێت لەمرۆی کۆمەڵگەکەمان دەبینین کچانیکی زۆری گەنج دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن و لە تێکڕای بوارە جیاوازەکان خوێندویانە و بڕوانامەیان بەدەست هێناوە تەنانەت لەو بوارانەش کە بۆ سەردەمانێکی زۆر بە پیاوانە دەناسرا بۆنمونە (پزیشکی – ئەندازیاری – زانست – بزنس- تەنانەت سیاسەت وکەرتی سەربازی ) ، بەڵام مەخابن ئەمانیش هاوشێوەی هاوڕێ و هاوتەمەنە کورەکانیان گیرۆدەی بێکاری بوونلەکاتێکدا ئەگەر بۆ ڕەگەزی نێریەکجار دامەزراندن لە کەرتی حکومی کێشە بێت بۆ ڕەگەزی مێینە دووجار و زیاتریش کێشەیە ، بەو پێیەی ئەگەر کوران دەرفەتی دامەزراندنیان نەبێت دەتوانن لە نێو بازارەکان سەربەخۆ کاربکەن بەڵام رەنگە بۆ کچان ئەم کارە هەندێک زەحمەت بێت ، لێرەوە پرساری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە سەرهەڵدەدات ئەویش بریتیە لەوەی (ئایا ڕێژەی بێکاری لای ڕەگەزی مێینە زیاترە بەبەراورد بە ڕەگەزی نێرینە ؟ ئەو هۆکارانە چین وادەکات ڕەگەزی مێینە بێکار بن ؟ ئەی دەرفەتەکان چین بۆ کارکردنیان؟)

## گرنگی توێژینەوەکە

**گرنگی توێژینەوەکە لەدوو لایەن خۆی دەبینێتەوە:**

### ١. لایەنی تیۆری :

ا- گرنگی تیۆری ئەم توێژینەوەیە خۆی لە خودی بابەتەکە دەبینێتەوە، کە گرنگی بەمەسەلەی بێکاری دەدات لای ڕەگەزی مێینە کە نیوەی کۆمەڵگە پێک دێنن و هۆکارەکانیش بێگومان جیاوازە لەگەڵ هۆکارەکانی هەمان کێشە لای ڕەگەزی نێرینە ، تەنها خستنە ڕووی هۆکارەکان نیە بەڵکو ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بگاتە دەرچەیەک بۆ خۆڕزگار کردن لەم کێشەیە لە ڕێگەی گۆڕینی تێڕوانینی تاکەکانی کۆمەڵگە و بە تایبەت ڕەگەزی مێینە بۆ بابەتی کارکردن و دامەزراندن، چاندنی کلتورێکی نوێی کارکردن لە کۆمەڵگەکەمان، کە بگونجێت لەگەڵ ئەم سەردەمەی ئێستا.

ب- گرنگیەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئەو زانیاری و داتایانەیە، کە دەیخاتە ڕوو دەکرێت توێژەرانی دیکە سوودی لێوەربگرن.

### ٢. لایەنی پراکتیکی:

ا- ئەم توێژینەوەیە لە کۆتایدا پێشنیاری چەند ناونیشانێک دەکات بۆ توێژەرانی دیکە، تا بتوانن لە ڕووی ترەوە لەسەر ئەم بابەتە بکۆڵنەوە .

ب- ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیە و چارەسەرکردنی.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە : خستنە ڕووی هۆکارەکانی بێکاری لای ڕەگەزی مێینە لە کۆمەڵگەی کوردی و دەرفەتەکانی کارکردنیان

**ئەم ئامانجە لە ڕێگەی چەند ئامانجێکی لاوەکی بەدیدێت کە بریتیە لە:**

١- زانینی ئاستی کاریگەری وێنەی زەینی بۆ ڕەگەزی مێینە لەسەر بێکاربونیان بە پێی گۆڕاوەکانی (شێوەی دەرەکی –تەمەن – باکگراوندی کۆمەڵایەتی – باری خێزانی )

٢-زانینی ئاستی کاریگەری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەسەر بێکاری لای مێینە بە پێی گۆڕاوەکانی (شێوەی دەرەکی - تەمەن – باکگراوندی کۆمەڵایەتی – باری خێزانی )

٣- ئاشنا بوون بە دەرفەتەکانی کارکردن بۆ ڕەگەزی مێینە بە پێی گۆڕاوەکانی (شێوەی دەرەکی - تەمەن – باکگراوندی کۆمەڵایەتی – باری خێزانی )

٤- گەیشتن بە کلتوری نوێی کارکردن

## ناساندنی چەمکەکان

لە فەرهەنگی ئابوری فەرەنسیدا هاتووە کە ناچالاکیەکی خۆنەویستی ئابوریە ، مەبەست لێی کەسێکە لە ڕووی ئابووری چالاک نییە، بەڵام بەبێ ویستی خۆی ئەمەش بۆ جیاکردنەوەیەتی لە هەر کەسێک کە ناچالاکە لەڕووی ئابوری بەڵام ئارەزومەندانەیە، جا بە هەر هۆکارێک بێت، وەک تەمبەڵی، یان خوێندکارە یان لە تەمەنی خانەنشین بووندایە.

یەکێکی دیکە لە پێناسەکان بە وەستانی کەسێک لە کارکردن، یان نەبوونی چانسی کارکردن پەسن(وەسف)ی دەکات، کە ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە لەوانە هەندێکی پەیوەندیدارە بە خودی کەسەکە و هەندێکی بە هۆی خراپی بارودۆخی ئابوری یان سیاسی وڵاتە.

ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بەمشێوەیە دەیناسێنێت؛ بەوەی بێکار کەسێکە تەمەنی گونجاوە بۆ کارکردن واتە گەنجێکی کامڵە لە ڕووی جەستەیی و هۆشمەندییەوە، ئارەزو و توانای کارکردنی هەیە و بەکرداری دەگەڕێت بەدوای کاردا بەڵام دەستی ناکەوێت، هەروەها (٣) پێوەری دەستنیشانکردووە بۆ ناساندنی بێکاری، ئەوانیش:

١- تەمەن: واتە کەسەکە لە تەمەنی کارکردندا بێت و کارنەکات.

٢- ئامادەی کارکردن بێت : بەومانایەی کەسانێک هەن بە خۆویستانە، یان خۆنەویستانە کارناکەن ئەمان بە بێکار دانانرێن.

٣- هەنگاوی ڕاستەقینەی نابێت بە ئاراستەی کارکردن: بەومانایەی کەسانێک هەن لەماڵ دادەنیشن و هیچ گەرانێک ناکەن بۆ کارکردن ئەمان بە بێکار دانانرێن چونکە لە ڕاستیدا چانسی خۆی تاقینەکردۆتەوە (مرزوق،٢٠٠٥،لا٢١)


لێرەوە پێناسەی ڕیکاری بۆ مینەی بێکار دەکرێت بڵێن هەر کەسێکە لە ڕەگەزی مێینە زانکۆ و پەیمانگەی تەواو کردووە و بڕوانامەی ئەکادیمی هەیە لە بوارە جیاوازەکان و بەتەواوی ئامادەیە لەڕوی تیۆری و کرداری بۆ کارکردن و بەدوای کاردا دەگەڕیت و کاری دەست ناکەوێت.

ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی سەردەمیی جیهانییە لە تەواوی کۆمەڵگاکانی دونیادا بوونی هەیە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز بێگومان لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان ڕێژەکە زۆرترە بە هۆی خراپی دۆخ و سیاسەتی ئابووری ئەو وڵاتانە و ئەو قەیرانە یەک بەدوای یەکانەی توشیان دەبێت بە تایبەت لە سەردەمی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا و زیرەکی دەستکرد کە بێگومان چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا ڕێژەکە زۆر لەوەش زیاتر بێت بەتایبەت کە ئێستا لەسەردەمی شۆڕشێکی نوێدا ژیان دەگوزەرێنین کە شۆڕشی زیرەکی دەستکرد و ڕۆبۆتە، کە زۆرێک لەشارەزایان پێیان وایە هاوشێوەی شۆڕشی پیشەسازی، لە قۆناغێکی مێژوودا ئامێرەکان شوێنی دەستی مرۆڤیان گرتەوە بە هەزارەها کەس لەسەر کارەکانیان وەلا نران دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکیشدا ڕۆبۆت و تەکنەلۆجیا شوێن دەستی مرۆڤ بگرێتەوە لە زۆرێک لە بوارەکانی کارو پیشەدا.

**خشتەی (١)**

پێشبینی داهاتووی بێکاری گەنجان لە عێراقدا

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **ساڵ** | ٢٠٢٥ | ٢٠٢٦ | ٢٠٢٧ | ٢٠٢٨ | ٢٠٢٩ | ٢٠٣٠ |
| **بێکاری گەنجان** | ٢٤,٣٦٧٤ | ٢٤,٦٠٥٥ | ٢٤,٦٢٦٢ | ٢٤,٦٤٥٤ | ٢٤,٦٦٣٢ | ٢٤,٦٧٩٨ |
| **ساڵ** | ٢٠٣١ | ٢٠٣٢ | ٢٠٣٣ | ٢٠٣٤ | ٢٠٣٥ | |
| **بێکاری گەنجان** | ٢٤,٦٩٥١ | ٢٤,٧٠٩٤ | ٢٤,٧٢٢٧ | ٢٤,٧٣٥ | ٢٤,٧٤٦٥ | |



پێشبینیکردنی زنجیرە کاتییەکان بریتییە لە پشکنینی داتا مێژووییەکان بۆ پێشبینیکردنی داهاتووی بەهاکان، بەومانایەی پشتبەستنە بە داتاکانی پێشو و ئێستای هەر دیاردەیەک، یان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەتوانین پێشبینی بۆ ڕەوتی داهاتووی ئەو دیاردەیە یان ئەو کێشەیە بکەین و ئەمەش هەنگاوێکی باش دەبێت بۆ خۆ ڕێکخستن و ئامادەکاری بۆ چۆنیەتی ڕیگری کردن لە گەورەبوون و فراوانخوازیەکانی ئەو بابەتە و دەربازبوون لە شوێنەوارە نەرێنیەکانی. بێکاری گەنجان مەترسیەکی بەردەوامی هەیە لەسەر لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە عێراقدا بەگشتی و بۆ هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لە عێراقی فیدراڵ بە تایبەتی، ئەمەش بەهۆی ناسەقامگیری و سنووردارنبوونی هەلی کار و فشارە دیمۆگرافییەکانەوە دەجووڵێت. ئەم خشتەیە ڕونکردنەوەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنێکی وردی ( پێشبینیکردنی مۆدێلەکانی ئاریمایە) کە بەکار دێت بۆ پێشبینیکردنی ڕێژەی بێکاری گەنجان بە گشتی لە عێراقدا. کۆمەڵە داتاکە پێکهاتووە لە بەها ساڵانەیەکانی ڕێژەی بێکاری گەنجان بۆ ماوەی ١٩٩١-٢٠٢٤، کە لە MACROTRENDS.NET وەرگیراوە. مۆدێلی ARIMA بەکارهات بۆ دەستنیشانکردن، خەمڵاندن و چەسپاندنی گونجاوترین مۆدێلی پێشبینیکردن لەسەر بنەمای پشکنینی دەستنیشانکردن و پێوەرەکانی هەڵە. پاشان مۆدێلی گونجاوی هەڵبژێردراو بەکارهێنرا بۆ دروستکردنی پێشبینییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٥-٢٠٣٥. داتاکان ڕەوتی پێشبینیکراو پێشکەش دەکەن، کە دەتوانن پاڵپشتی هەوڵەکانی داڕشتنی سیاسەت بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی بێکاری گەنجان لە عێراقدا بەگشتی.

ئەنجامەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە هەموو مۆدێلەکانی ARIMA تاقیکراونەتەوە وردبینییەکی بەرزی پێشبینیکردنیان نیشانداوە، لەگەڵ بەهاکانی MAPE لە نێوان ٦،٢٣٠٪ بۆ ٦،٩٤٥٪ و ڕێژەی وردبینی لە نێوان ٩٣،٠٦٪ و ٩٣،٧٧٪ ، پۆلێنکردنیان لە چوارچێوەی ئاستی وردبینی "باشە". لە نێوان مۆدێلەکاندا، ARIMA (١،٠،٢) متمانەپێکراوترین پێشبینی پێشکەش کرد، کەمترین ٦،٢٣٠٪ MAPEو بەرزترین ڕێژەی وردبینی ٩٣،٧٧٪ بەدەستهێنا(بڕوانە خشتەی ١ لە پاشکۆ). پێشبینییەکانی دروستکراو بۆ ساڵی ٢٠٢٥-٢٠٣٥ پێشنیاری زیادبوونی وردە وردە بەڵام بەردەوامی بێکاری گەنجان دەکەن، لە ٢٤.٣٧% لە ساڵی ٢٠٢٥ بۆ ٢٤.٧٥% لە ساڵی ٢٠٣٥، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هۆکارە پێکهاتەیی یان ئابوورییە ئەگەرییەکانە کە کاریگەرییان لەسەر دامەزراندنی گەنجان هەیە.

بەپێی یەکێک لە ئامارەکانی کە (ایسکوا) لیژنەی ئابوری و کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوای ئاسیای سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان خستویەتیە ڕوو دەرکەوتووە، ڕێژەی بێکاری لە نێوان رەگەزی نێرو مێ جیاوازە ڕێژەکە لای مێینە (٤٧.٩٪) یە لەکاتێکدا لای نێرینەکان (٢٣.٢٪) یە بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
لە سەر ئەم بنەمایە (دیبورا گرینفیلد)، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی بۆ کاروباری سیاسی لە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی پێیوایە ئەگەرچی ژنان ئاستێکی باشی پێشکەوتنیان بڕیوە لەهەموو کایەکانی ژیان بەڵام هێشتا لە پرسە ئابورییەکان زۆریان ماوە بگەنە ئاستی یەکسانی لەگەڵ پیاوان بە تایبەت لە پرسی بەدەستهێنانی کار و داهاتی یەکسان.

**ئەمەش بێگومان کۆمەڵێک هۆکاری هەیە لەوانە:**

١. هۆکاری خودی : مەبەست لێی ئەو هۆکارانەیە، کە پەیوەستن بە خودی ژنبوون و ئەوانەی پەیوەندی هەیە بە تێڕوانینی ژنان بۆ خۆیان و تواناکانیان.

٢. هۆکاری ژینگەیی: کە خۆی دەبینێتەوە لە شێوازی پەروەردەکردنی خێزانی و کاریگەریەکانی کلتور و بارودۆخی گشتی ناوچەکە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و تەنانەت هۆکاری جیهانیش بەوپێیەی لە ئێستادا بە هۆی بەجیهانیبوون هەر تاکێکی کۆمەڵگە تاکێکی جیهانیە وجگە لە بارودۆخی کۆمەڵگاکەی بەرکەوتەی بارودۆخە جیهانیەکانیشە.

لێرەوە ئەوەی پەیوەندی بە هۆکارە خودییەکانەوە هەیە، زیاتر خۆی لە مەسەلەی وێناکردن وحوکمە پێش وەختەکان و بابەتی شوناسی ڕەگەزی دەبینێتەوە، کە بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت لە پشت بێکابوونی ژنان.

وێناکردن (ستیریۆتایپ- هزری کلێشەیی) وشەیەکە بۆ یەکەمینجار لەلایەن (فیرمن دیوت) لەساڵی (١٧٩٨) بەکارهێنرا بۆ پەسنکردنی ئامێری چاپەمەنی دواتر هەمان ووشە لەلایەن ڕۆژنامەنوسی ئەمریکی (واڵتر لیبمان) لە (١٩٢٢) بەمانا سایکۆلۆجیەکەی بەکارهات لە ڕووی رەگەزی مەبەست لەو وێنەیە، کە کۆمەڵگا بۆ هەریەک لەڕەگەزی نێر و مێ دروستی دەکات و بەکۆی گشتی تاکەکان لە سەری ڕێکدەکەون، مەرج نییە ئەم وێنەیە ڕاستەقینە بێت واتە پەیوەندیدار بێت بە خودی ڕاستەقینە و سروشتی نێر و مێ بەڵکو ئەمە ئەو بەهاو نرخانەیە کە کۆمەڵگە بۆ هەریەک لە ڕەگەزەکانی دیاری دەکات و لەسەر ئەو بنەمایە شوێن و پێگەی کەسەکان و تەنانەت کۆی ژیان و پەیوەندییەکانیشیان بۆ دیاری دەکرێت، هێزی ئەم وێنا کردنە کاتێک پەیوەست دەبێت بە پێویستی قبوڵکردن و بەدەستهێنانی پەسەندێتی ئەوانی دیکە زۆر بەهێز دەبێت، تا ئەو ڕادەیەی کەسەکە لە پیناو خۆ ئارام کردنەوە و ڕازیکردنی ئەوانیتر پەنا دەباتە بەر خۆ کۆپیکردن بەو وێنەیەی کۆمەڵگە بۆی کێشاوە ئەگەرچی زۆر جیاوازیش بێت لە سروشتی خۆی.

ئەم کاریگەرییە زیاتر لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان دەردەکەوێت، کە کلتور زۆر باڵادەستە و تاک کەسێکی زۆرتر کۆمەڵایەتییە بە بەراورد بە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان بەو مانایەی، تاکگەرایی لە نێو باوەشی کۆمەڵایەتی بەتەواوی دەتوێتەوە تێکەڵبوونی زۆری تاکەکان بەوانی دیکە وادەکات زۆر کات تاک لە پێناو ڕازیکردنی ئەوانیتر بە سروشتی خۆی ڕەفتار ناکات ئەگەر چی ئەمە مرۆڤ توشی دووفاقی دەکات لە کەسێتیدا و بە ڕواڵەتێک خۆی دەردەخات ڕەنگە هەرگیز خۆی نەبێت لێرەوە وەک (کۆڵبرج) ئاماژەی پێدەکات دەڵێت منداڵ کاتێک هەستی بەخۆی کرد لە تەمەنێکی زۆر منداڵییەوە، کە سەر بە چ ڕەگەزێکە ئەمەش ئەو کاتە دەبێت، کە لە سەر بنەمای شیوەی دەرەوە خۆی پۆلێنبەندی دەکات و دیاری دەکات سەر بە کام ڕەگەزە بۆیە لێرەوە هەموو هەوڵێکی دەدات بۆ ئەنجامدانی ڕۆڵە ڕەگەزیەکەی بۆی دەستنیشانکراوە بە پیی وێناکردنەکە ئەمەش لەپێناو ڕازیکردنی دلێ گەورەکانە، کە بێگومان باوان پێش هەموو ئەوانیتر دێت چونکە دواجار ئەمە هەستێکی وای لا دروست دەکات، کە ئارام دەبێتەوە و لەترس و دوودڵی ڕزگاری دەبێت واتە هەر لەو تەمەنەوە منداڵ تێدەگات، کە جوڵانەوە بە پێی ئەو وێنەیەی، بۆی دیاریکراوە و لەچاوی ئەوانی دیکە تێبینی دەکات و دەیبینێت و دواتریش پاداشت و سزا دەدرێت لە سەری گرنگە بۆ ڕاگرتنی باڵانسی دەروونی. ئەمە لە لایەک و لەلایەکی دیکەوە نەک تەنها خودی کەسەکە هەوڵدەدات بەو تێڕوانینە بجوڵێتەوە ،کە بۆی دیاریکراوە بەڵکو خێزانەکەش بەرپرسیارن لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەو منداڵە و گۆڕینی لە بوونەوەرێکی بایۆلۆجی بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بەرپرسیارێتییەکیان هەیە بەرامبەر کۆمەڵگا ئەویش

بەرهەمهێنانی تاکێکە بە گوێرەی ئەو ستانداردەی کۆمەڵگا دەستنیشانی کردووە دواجار خێزانیش وەک گروپێکی کۆمەڵایەتی ئەویش پێویستی بەدەستهێنانی پەسەندکردنی کۆمەڵگەی هەیە و دەیەوێت پەسەندکراو بێت ئەم پەسەندکردنەش بەوە بەدەست دەهێنێت، تا چەند تاکی کۆپیکراو بە وێنە ژنانە و پیاوانەکە بخاتە ناو کۆمەڵگەوە، لە دوای خێزانیش کۆی کەناڵەکانی دیکەی کۆمەڵگا کاردەکەن بۆ چەسپاندنی وێنە باوەکە لە نێو ناخ و دەرون و زەینی کچان و کوران تاببنە ژن و پیاوێک کۆمەڵایەتی (حوسۆ،٢٠٠٩، ص ٩٥-١٥٨).

کێشەکە لەوێدا دەستپێدەکات کە ئێمە ڕازی بین بەو وێنەیە، یان نا، ئەنجامی دەدەین چونکە ڕەگ لە بەشی نائاگایمان دادەچەقێنی واتە زۆرجار بە بێئاگاییەوە بەو جۆرە هەڵسوکەوت دەکەین و تەماشای خۆمان دەکەین وێنەکە لە مێشکمان بۆی دروستکردوین و کاتێکیش ئێمە بەو جۆرە ڕەفتار دەکەین زیاتر و زیاتر بۆ بەرامبەر دەسەلمێنین کە ئەوەی وێنەکە دەیڵێت تەواوە بەمەش زیاتر لە سەر ئەو بنەمایە و بەوپێیە مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێت ، ئەمەش دوبارە ڕۆڵی دەبێتەوە لە چەسپاندنەوەی زیاتری وێنەکە لە نێو مێشکمان و زیاتر جێگیر دەبێت کە بەو جۆرە رەفتار لەگەل خۆمان دەکەین واتە هاوکێشەکە بەم جۆرەیە لەشێوەی بازنەیەک لە نێوان ئێمە و ئەوان دەسوڕێتەوە کە ناتوانین نە ئێمە و نە ئەوان لێی دەربچین.

ئەمە لە بواری گشتی بەڵام لە بواری کارو پیشەش زۆرجار ئەم وێنەیە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەرمان بەتایبەت بۆ ڕەگەزی مێینە کاتێک دەبینین کە چۆن هەر لەکۆنەوە و لەسەرەتای مرۆڤایەتی و بە پێداچونەوەی بۆچوونی بیرمەند و فەیلەسوفەکان دەبینین، کە چۆن تا ئێستاش وێنەکە هەر هەمان وێنەیە و نەگۆڕاوە و بە سەر کۆی مێینەکان بە پرۆسەیەکی گشتاندن ژنانی لە کۆن و ئێستاش پیٚ نەخشێنراوە، کە خۆی لە کۆمەڵیک سیفاتی نەرێنی دەبینێتەوە، کە بەرچاوی مێینەکانی وەک ڕەگەزی میٚ و ئەوانی دیکەش لێڵ دەکات و کێشەکە لەوەدایە بە پێی ئەم سیفەتانە مامەڵە لەگەڵ مێینەکان دەکرێت تەنانەت لە پێش ناسینی و ئاشنا بوون بە هێز و توانا و بەهرە و لێهاتوییەکانی، کاتێک کۆی وێنەکان دەڵێت "ژنان کائینێکی لاواز و بێدەسەڵاتن، توانای بڕیاردانیان نییە، پێویستیان بە پیاوێک هەیە ئیدارەی خۆیان و کاروبارەکانیان بدات، ئەمان زۆر بلێن و بە قسە وباس و بەکێشەن ، شەرمن و ترسنۆکن....هتد).

ئیتر چۆن کەسێک کە ئەوە وەسفەکانی بێت ڕێگەی پێدەدرێت کار بکات، بەڵام گرفتە سەرەکییەکە لەوەدایە، کە بە گوێدان و مامەڵەکردن لەگەڵ کچێک لە سەر ئەم بنەمایە بۆ ماوەیەکی زۆری تەمەن و لەچەندین کەس و گروپەوە وا دەکات جۆرە قناعەتێک لای ئەو کچە گەنجەش دروست دەکات کە وایە و کاتێک مرۆڤ چۆن تەماشای خۆی دەکات بە پرۆسەی زۆر دوبارەکردنەوە وای لێدێت مێشکی باوەر بەو شتە دەکات و دەستەوەستان دەبێت لە ڕووبەڕووبونەوە و سەلماندنی ئەوەی، کە وەها نییە ئەمەش وادەکات ڕازی دەبێت بەو بۆچوونە و لە سەر ئەو بنەمایە مامەڵە دەکات بۆیە کچێکی گەنج کە تۆوی ئەم بۆچوونە لە مێشکی چەسپابێت، یان ئارەزووی گەڕان بە دوای کاردا ناکات، یان ناوێرێت هەموو کارێک بکات بۆ نمونە ترسەکەی ناخی بۆ لەکەدارکردنی شەرەفی بنەماڵەکەی وایلێدەکات، نەوێرێت کارێک بکات دەرنگ ڕۆشتنەوەی تیابێت، یان گەشتکردنی تیابێت، یان لە شوێنی گشتی بێت واتە خودی ئەم سیفەتانە وادەکات ئەو کچە پێوەر دادەنێت لە مێشکی بۆ هەڵبژاردنی کار و لەمەشدا زۆر جار بەخت یاوەری نابێت چونکە ناتوانێت ئەو کارەی لەگەل ستانداردی ئەو دەگونجێت دەستی بکەوێت بۆیە بێکار دەبێت، هەندێک جاریش ئەگەر کاری دەست نەکەوێت مێینە بونی وادەکات تواناکانی بۆ کردنی کاری سەربەخۆ دیاریکراو دەبێت واتە ناتوانێت هەموو

جۆرە کارێک بکات مەبەستمە بڵێم ئەگەر کوڕیک کاری حکومی یان لەکەرتی ئەهلی دەست نەکەوت دەتوانێت سەربەخۆی خۆی لە کۆشکێک یان لەسەر شەقام کار بکات و شتێک بفرۆشێت بەڵام ئەمە بۆ کچێکی گەنج و لەکۆمەڵگیەکی نەریتپارێزی زەحمەتە ئەگەر خۆشی بیەوێت خێزانەکەی ئەو ڕێگایەی پێنادەن.

یەکێکی دیکە لەهۆکارەکانی بێکاربوونی ژنان پەیوەندی هەیە بە دابەشکردنی کار، کە لە سەرەتای مرۆڤایەتی دەستی پێکرد ئەو کاتەی کارەکان دابەشکرا لە سەر بنەمای پێکهاتەی جەستە لە نێوان نێر و مێ هەروەک (سلامە موسی) (موسی،٣٤،٢٠١٨-٣٨) ئاماژەی پێدەکات کە چۆن ژنان لەبەر لاوازی جەستەیان بە هۆی دوگیانبوونی بەردەوام و سوڕی مانگانە ناچاربوون لە نێو ئەشکەوتەکان بمێننەوە و ئاگاداری منداڵەکان بن،و پیاوەکان دەڕۆیشتن بۆ ڕاووشکار و بەرپرسبوون لە پاراستنی ژیانی تاکەکان لە هەر هێرشێکی دەرەکی ساڵ لەدوای ساڵ و سەدە لە دوای سەدە بە شێوەی بۆماوەییەکی کۆمەڵایەتی ئەم دابەشبوونی کارە بە سەر ژن و پیاو و لە سەر بنەمای جەستە بەردەوام بوو تەنانەت بواری گشتی لە دەرەوەی ماڵ بووە بوارێکی پیاوانە و بواری تایبەت کە چوارچێوەی ماڵە بووە بوارێکی ژنانە (امیل دورکایم)(النوري،١٩٨،لا٢٦٨).

زۆر بە ڕوونی کارەکانی بواری تایبەتی دیاریکرا بۆ ژنان و کارەکانی نێو چوارچێوەی بواری گشتی دیاری کرا بۆ پیاوان . هەتا ئێستاش لەگەڵ هەموو ئەو گۆرانکاریانەی ڕوویداوە هێشتا ژنان خۆیان وابەستەی چوارچێوە تایبەتەکە کردووە و دەرچونیان لەم زۆنە بە جۆرێک لە ڕسک و سەرکێشی و مەترسی لە سەر لەکەداربوونی شەرەفی خۆیان و خێزانەکانیان دەبینن، تەنانەت کاتێکیش سنوری ئەم دیوارە دەبەزێنن و بە تێڕوانینی خۆیان ڕیسکەکە دەکەن، دەبینین لە دەرەوەی دیوارەکەش هەر لە هەوڵی ئەوەدان لەو بوارانە کاربکەن کە درێژکراوەی ڕۆڵە تەقلیدییەکانیانە، یان مامۆستایی یان پەرستاری یان کاری خۆبەخشی و خزمەتگوزاری و تێکەڵبوونیان بە جیهانی بزنس و کاری سەربەخۆ و سیاسەت و ئاسایش ئەوە هەر کارەساتێکی گەورەیە و کچانێک ئەگەر ئازایەتیەکی زۆریان نەبێت خۆیان لەو بوارە هەر نادەن، دیاری کردنی سنورەکان و دابەشکردنی کارەکان کێشەیەکی گەورەیە لەپێش بێکاربونیان چونکە ئەمە وادەکات تەنها لەو بازنەیە بەدوای کاردا بگەڕێن و ئەم بازنەیەش سنورەکەی دیاری کراوە.

دیاریکردنی سنورەکان و بەستنەوەی مێینەکان بە ناموس و شەرەفی خێزان و بنەماڵە و چاندنی سیفەتە نەرێنیەکان لە کەسێتیان وادەکات کردنی هەر کارێک کە دەرچون بێت لەمانە توشی جۆرێک لە ترس و دڵەراوکێ و نائارامیان دەکات بۆیە مانەوەیان لەم قاڵبە هەندێک جار هۆکارێکە بۆ بێکاربونیان.

لە لایەکی دیکەوە ((لیدنیڤا و جوتک ١٩٨١) (وارتۆن،٢٠١٤،لا ٣٣٣)پێیوایە، کە ئەو وینەیەی هەیە بۆ مێینەکان لە ناو ناخ و دەرون و تێڕوانینی هەموو تاکەکان دا بوونی هەیە نەک بە تەنها لە نێوخۆی خێزانەکان بەڵکو ئەم وێنەیە دەگوێزرێتەوە بۆ دەرەوەی خێزانەکانیش و تادەگاتە زۆرێک لە خاوەن کارەکان بۆ نمونە کاتێک کوڕێک و کچێک سیڤیەکانیان پێشکەش دەکەن بۆ دامەزراندن ئەگەر هەمان بڕوانامەو لێهاتویشیان هەبێت زۆر جار خاوەن کار وای پێباشترە کە کوڕەکە وەربگرێت نەک کچەکە چونکە پێیوایە کورەکان ژیرتر و زیرەکترن و کچ وابەستە دەبێت بە هەندێک مەسەلەی وەک هاوسەرگیری و دوگیانبوون و منداڵبوون کە وادەکات پەرۆشی و وزە و بەئاگابوونی پێویستی بۆ کردنی ئەو کارە نەبێت لەکاتێکدا کوڕ ئەگەر هاوسەرگیریش بکات ئەوا بە پێچەوانەی کچەکە باشتر ئامادە دەبێت بۆ کردنی کارەکە و بەگوڕ و تینێکی زیاترەوە کاردەکات، ئەمە لەلایەک ، لەلایەکی دیکە پەیوەست کردنی کچەکان بە پاراستنی شەرەفەوە وادەکات چونیان بۆ هەموو جێگەیەک لەبەر کار یان درەنگ ڕۆشتنەوەیان بۆ ماڵ یان گەشتکردنی کار یان کۆبونەوە و تێکەڵبوون بە پیاوان، کە جۆرێکە لە پێویستی کار ئاستەم بێت بۆیە خاوەن کار کاتێک ئەم بەراوردە ئەنجام دەدات لە مێشکی خۆی و بە

کاریگەربوونی بە وێنە باوەکانی کۆمەڵگا بۆ نێر و مێ و هەڵسەنگاندنی تەواوی بۆ دۆخەکە و چی لە قازانج و بەرژەوەندی کارەکەیەتی بێگومان بڕیارەکە لە بەرژەوەندی کوڕەکە دەدات و بەمەش کچەکە بێکار دەمێنێتەوە، (فیرمان) توێژینەوەیەکی کرد لە سەر کاریگەری (ڕەگەز) لە سەر ویست (طموح)ی کارکردن و نمونەیەکی وەرگرت لە کچ و کوڕی گەنج لە تەمەنی (٢٠-٣٠) ساڵی تەماشای کرد هەردوو ڕەگەزەکە هەمان گوڕ و تینیان هەبوو بۆ کارکردن و گەیشتن بە پلە و پێگەی باڵا و بەدەستهێنانی داهاتی زۆر، کاتێک نمونەیەکی وەرگرت لە (٣١-٤٠) ساڵی دەرکەوت جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان کوران و کچان لە ویست (طموح)ی کارکردن و لای کچان ئەم ویست (طموح)ە دادەبەزێت چونکە زیاتر ئارەزووی خێزان دروستکردن و دایکایەتی دەکەن (Ferriman,2009,517-532)

(ستیل) پێیوایە کە ژن بوون کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر دۆخی کارکردنی کچان ، ئەو دەڵێت ژن لە هەر شوێن و جێگەیەک هەستی بە مەترسی و هەڕەشە کرد جا لە سەر جەستەی بێت یان لە سەر کەرامەتی ئەمە وادەکات هەر زوو کارەکەی بەجێبهێڵێت و بەمەش بێکار دەبێت بەو مانایەی ترسی مێینەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی گێچەڵپێکردنی سێکسی لە کار و پیشە هۆکارێکە بۆ بێکار بونیان(-Steel,1997,613 629 ).

## میتۆدی توێژینەوەکە:

---

سنوری توێژینەوەکە بریتیە لە شاری سلێمانی ، ئەنجامی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕووی نموونەیەکی پێشنیارکراو بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری لای ڕەگەزی مێینە .

**چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکە**

**ڕێکاریە مەیدانیەکان**

### یەکەم/میتۆدی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە دادەنرێت بە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاری و پشت بە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی دەبەستێت : بەگشتی دوو جۆرە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی هەیە گشتگیر و ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە ڕێگەی نمونە سروشتی بابەتی ئەم توێژینەوەیە و ئامانجەکانی وادەخوازێت میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بە ڕێگەی نمونە وەربگرین .

### دووەم/کۆمەڵگای توێژینەوە و نمونەی توێژینەوە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکە: هەموو ئەو ئەندامانەن، کە بابەتی توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە، دەکرێت بڵێین کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتین لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە ڕەگەزی مێینە کە بێکارن.

نمونەی توێژینەوە : بە مەبەستی وەرگرتنی نمونەی توێژینەوەکە توێژەر پشتی بە ڕێگای (هەڕەمەکی- العینة العشوائیة) بەستووە، نمونەکە پێکهاتووە لە یەکەیەکی (٣١١)یی، کە بەپێی یاسای (نونەلی) (NUNALLY,1978:262 ) وەرگیراوە، کە یاسایەکە تایبەتە بەو کۆمەڵگەی توێژینەوەیانەی زۆر فراوانە و یاساکە بەو جۆرەیە بۆ هەر بڕگەیەک (٥-١٠) کەس وەردەگیرێت و بەو پێیەی فۆرمی پێوانەییەکەمان دوای جێگیرکردنی لە (٦٤) بڕگە پێکدێت و توێژەر بۆ هەر بڕگەیەک (٥) کەسی لە ڕەگەزی مێ وەرگرتووە بەمپێیە

دەبوایە ژمارەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە (٣٢٠) یەکە بووایە، بەڵام لەبەرئەوەی فۆرمەکە بە ئەلیکترۆنی بڵاوکراوەتەوە تەنها (٣١١) کەس فۆرمەکەیان بە تەواوی پڕکردبووەوە کاتێک، کە گەیشتەوە دەستی توێژەر.

### سێهەم/بوارەکانی توێژینەوە:

١.بواری شوێنی: ئەو ناوچە جوغرافیەیە کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت و ئەم توێژینەوەیە لە پارێزگای سلێمانی ئەنجامدراوە.

٢.بواری کاتی: ئەو ماوەیەی، بۆ تەواوکردنی کۆی گشتی توێژینەوەکە پێویستە ئەم توێژینەوەیە (٣) مانگی خایاند لە بەرواری (١٥/١١/٢٠٢٦ – ١٥/٢/٢٠٢٦).

٣. بواری مرۆیی: هەموو ئەو کچ و ژنانەیە، کە دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن و بێکارن.

### چوارەم/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

سروشتی توێژینەوەکە و میتۆدی بەکارهاتوو دەستنیشانی دەکات ئەم توێژینەوەیە وای خواست توێژەر ئامرازی پێوانەیی بەکار بهێنێت بۆ پیوانەکردنی دیاردەی بێکاری لای ڕەگەزی مێینە، بە مەبەستی ئامادەکردنی ئامرازی پێوانەکردنەکە توێژەر چەند هەنگاوێکی گرتەبەر لەوانە: سەرەتا خوێندنەوە و پێداچونەوەی کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی لەسەر خودی بابەتەکە، پێداچوونەوە بە توێژینەوە هاوشێوەکان، چاوپێکەوتن و پرسیار لە کەسانی شارەزا ، پاشان توێژەر پێوەری توێژینەوەکەی ئامادەکرد لە دوو لایەن پێکهاتبوو لایەنی یەکەم تایبەت بوو بە زانیاری دیمۆگرافی ئەم پرسیارانە لەخۆ دەگرێت: (تەمەن،باری خێزانی،ئاستی خوێندەواری،شوێنی نیشتەجێبوون) ، لایەنی دووەم زانیاری تایبەتە بە بابەتی توێژینەوەکە و (٤) تەوەری لەخۆ گرتبوو تایبەت بە (هۆکارە خودیەکانی بێکاری لای ڕەگەزی مێینە، هۆکارە کۆمەڵگەییەکانی بێکاری لای ڕەگەزی مێینە و شوێنەوارەکانی بێکاری لای ڕەگەزی مێینە و میکانیزمی چارەسەرکردن) ئەمانیش دابەش بوون بەسەر (٦٤) بڕگە بە ئاڕاستەی پۆزەتیف و نەگەتیف دەڕوات ، بۆ هەر بڕگەیەک لێتوێژراو دەتوانێت هەڵبژاردن بکات لەنێوان (٥) وەڵام بە پێی پێوانەی سێیی(لیکەرت) دیاری کراوە هێزی برگەکانی پیوەرەکەش بەم جۆرەیە:

**خشتەی ژمارە (٢) هێزی بڕگەکان دیاری دەکات**

| هێزی بڕگەکان | زۆر هاوڕام | هاوڕام | بێڕام | هاوڕانیم | هەرگیز هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|---|
| **بڕگە پۆزەتیڤەکان** | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
| **بڕگە نەگەتیڤەکان** | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |

هەروەها بواری وەڵامی لێتوێژراو لە فۆرمی پێوەری توێژینەوەکە لە نێوان نرخی (٦٤-٣٢٠) دایە.

هەروەها ڕەینجی بژاردەکان بەمشێوەیە دەست نیشانکراوە (٥-١=٤) پاشان (٤/٥= ١،٢٥) کەبەمجۆرەیە:

**خشتەی ژمارە (٣) تایبەت بە ڕەینجی هەر بژاردەیەک**

| **ڕەینجی بژاردەکان** | |
|---|---|
| ناوەند | ئاستی ڕەینجەکە |
| ١.٠٠ -١.٧٩ | هەرگیز هاوڕانیم/ لاواز |
| ١.٨٠-٢.٥٩ | هاوڕانیم/ سادە |
| ٢.٦٠- ٣.٣٩ | بێڕام / مامناوەند |
| ٣.٤٠ - ٤.١٩ | هاوڕام / توند |
| ٤.٢٠-٥.٠٠ | زۆر هاوڕام / زۆر توند |

**١.ڕاستاندنی فۆرمی پێوانەییەکە:**

بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ورد و زانستی بۆ بڕگەکان و دەرخستنی ڕادەی گونجاوی لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە سوود لە شێوازی ئاشکرا (الصدق الظاهري) وەرگیرا بریتییە لە دابەشکردنی فۆرمی پێوانەییەکە بە سەر چەند کەسێکی شارەزا لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی دوای گەڕاندنەوەی فۆرمەکان و چاکردنی هەندێک لە بڕگەکان (٦٤) بڕگە بە جێگیرکراوی مایەوە بە کۆی گشتی شارەزایان ڕەزامەندبوون لەسەری.*

**٢ . جێگیری:**

توێژەر شێوازی کرونباخ ئەلفا ( Cronbach's Alpha) ی بەبەرنامەی (SPSS) بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی جێگیری فۆرمی پێوەریەکە ، کە بریتیی بوو لە (0.933) ئەمەش ئاستێکی بەرزە و جێگیری فۆرمەکە دەسەلمێنێت.

**خشتەی (٤) جێگیري ( مقايس كرونباخ الفا )**

| **پێوەری گشتی** | **بەهای جییگیری ( مقايس كرونباخ الفا )** |
|---|---|
| پێوەری کرونباخ الفا | ٠,٩٣٣ |

خشتەی (٤) زانیاری تایبەت بە جیگیری (مقايس كرونباخ الفا) بۆ پرسیارەکانی تایبەت بە تویژینەوەکە بە شیوەبەکی گشتی، دەردەکەویت بەهای جیگیری بە شیوەیەکی گشتی بە ریگەی (مقايس كرونباخ الفا) دەکاتە (0.933) گەورەترە لە بەهای (0.65) ئەمەش بەهایەکی باش دەردەخات، ئاماژەیە بۆ جیگیریەکی باش لە پرسیارەکاندا.

**٣. پرکردنەوەی فۆرمی پێوانەیی:**

بۆ جێبەجێکردنی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە، توێژەر لە سەر بنەمای لێکەرتی پێنجی بۆ وەڵامی پرسیارەکانی فۆرمەکە پێنج بژاردەی خستبووە بەردەم لێتوێژەران، کە بریتی بوون لە (زۆر هاوڕام، هاوڕام، بێڕام،هاوڕانیم،هەرگیز هاوڕانیم).

**٤. بەتاڵکردنەوەی داتاکان :**

لەم هەنگاوەدا توێژەر وەڵامەکانی سەر فۆرمەکە دەکاتە ژمارە و هاوکێشە ئاماریەکانی بەسەردا جێبەجێ دەکات و دواتر شیکردنەوەی وردی زانستی بۆ دەکات.

## پێنجەم/ ئامرازە ئاماریەکان :

توێژەر پشتی بەبەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS) بەستووە بۆ بەتاڵکردنەوەی داتاکان و ڕێکارە ئامارییەکان و لە گرنگترین ئەو ئامرازە ئاماریانەی بەکار هاتووە لەم تویژینەوەیە بریتیە لە :

١)ڕێژەیی سەدی = $\frac{\text{بەش} \times ١٠٠}{\text{کۆی گشتی}}$

٢) ناوەندی ژمێرەیی (الوسط الحسابي - Maen) بۆ دەرهێنانی ناوەندی گۆڕاوی تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕاپرسییەکەدا.

٣)ناوەندی ژمێریاری کیشکراو ( الوسط الحسابي الموزون ) (Weight Mean)

$$\bar{X}_w = \frac{\sum_{i=1}^{n} x_i w_i}{\sum_{i=1}^{n} w_i}$$

٤) لادانی پێوانەیی (الانحراف المعياري - Standard Deviation) بۆ دەرهێنانی بڵاوەی بەهاییەکان لە ناوەند.

$$Stander\ deviation\ (S.D)_w = \sqrt{\frac{\sum_{i=١}^{n} w_i (x_i - \bar{x}_w)^٢}{\sum_{i=١}^{n} w_i - ١}}$$

٥) هاوکێ ... (Sperman -rank Correl ... بۆ دەرهێنانی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان.وەکو گۆراوی (x,y)

$$Correlation\ (r) = ١ - \frac{٦ \sum_{i=١}^{n} d_i^{\,٢}}{n\,(n^٢ - ١)}$$

٦)One Way ANOVA (F-test)

٧) ARIMA Model

٨) ANOVA

**٥. خستنە ڕووی داتاکان:**

**٥-١. زانیاریە دیمۆگرافیەکان:**

**خشتەی (٥) خستنە ڕووی زانیاریە دیمۆگرافیەکان**

| زانیاری دیمۆگرافی | | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| تەمەن (ساڵ) | ١٨-٢١ | ١٤ | ٤,٥٠ | ٤ |
| | ٢٢-٢٥ | ٨٩ | ٢٨,٦٢ | ٢ |
| | ٢٦-٢٩ | ٧٤ | ٢٣,٧٩ | ٣ |
| | ٣٠-بەرەوژوور | ١٣٤ | ٤٣,٠٩ | ١ |
| باری خێزانی | سەڵت | ١٣٧ | ٤٤,٠٥ | ٢ |
| | خێزاندار | ١٦٦ | ٥٣,٣٨ | ١ |
| | جیابووەوە | ٦ | ١,٩٣ | ٣ |
| | هاوسەر کۆچکردوو | ٢ | ٠,٦٤ | ٤ |
| ئاستی خوێندەواری | دبلۆم | ١٠٦ | ٣٤,٠٨ | ٢ |
| | بەکالۆریۆس | ١٨٦ | ٥٩,٨١ | ١ |
| | دبلۆمی باڵا | ٥ | ١,٦١ | ٤ |
| | ماستەر | ١٢ | ٣,٨٦ | ٣ |
| | دکتۆرا | ٢ | ٠,٦٤ | ٥ |
| شوێنی نیشتەجێبوون | شار | ٢٥٨ | ٨٢,٩٦ | ١ |
| | شارۆچکە | ٤٩ | ١٥,٧٦ | ٢ |
| | لادێ | ٤ | ١,٢٩ | ٣ |
| کۆی گشتی | | ٣١١ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەو داتایانەی لە خشتەی (٥)خراوەتە ڕوو دەردەکەوێت کۆی گشتی لێتوێژراوان (٣١١) بەشداربووە. سەبارەت بە تەمەنی لێتوێژراوان گرووپی تەمەن "٣٠ ساڵ و بەرەوژوور" بەرزترین ڕێژە بەدەستدێنن دەکاتە (٤٣،٠٩%)ی کۆی بەشداربووان ، لە کاتێکدا گرووپی تەمەنی "١٨-٢١ ساڵ" کەمترین ڕێژەی بەرکەوتووە تەنها (٤،٥٠%) ی کۆی بەشداربووان پێکدەهێنێت . سەبارەت بە باری خێزانی، کەسانی "خێزاندار" لە ڕیزبەندی یەکەمدان بە ڕێژەی (٥٣،٣٨%) ی کۆی بەشداربووان پێکدەهێنێت ، دوای ئەوانیش کەسانی "سەڵت" دێن بە ڕێژەی (٤٤،٠٥%)، لە کاتێکدا ڕێژەی جیابوونەوە هاوسەر کۆچکردوو لە نێو نمونەکەدا زۆر نزمە. هەرچی ئاستی خوێندەواریە، زۆرینەی بەشداربووان خاوەنی بڕوانامەی "بەکالۆریۆس"ن بە ڕێژەی (٥٩،٨١%)، هەروەها هەڵگرانی بڕوانامەی "دبلۆم" دواتر دێن بە ڕێژەی (٣٤،٠٨%) ی کۆی بەشداربووان ، ئەمەش دەریدەخات نمونەی توێژینەوەکە ئاستێکی ڕۆشنبیری و زانستی باشیان هەیە. لە کۆتاییدا،سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوون، زۆرینەی هەرە زۆری بەشداربووان لە "شار" نیشتەجێن بە ڕێژەی (٨٢،٩٦%) لە کۆی بەشداربووان ، لە کاتێکدا تەنها ڕێژەیەکی کەم کە (١،٢٩%) ی کۆی بەشداربووان لە "لادێ" دەژین.

## ٢.زانیاری تایبەت بە (بێکاری لای مێینە)

### خشتەی (٦)هۆکاری خودیەکانی بێکاری لای مێینە

| هۆکاری خودی | هەرگیز هاوڕانیم | هاوڕانیم | تاڕادەیەک | هاوڕام | زۆر هاوڕام | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | | | | |
| | % | % | % | % | % | Mean | S.D | RI | Results |
| دەمەوێت ببمە فەرمانبەر لەکەرتی حکومی بۆیە کارم دەستناکەوێت | ١٤ | ٧٩ | ٣١ | ٩٦ | ٩١ | ٣,٥٥ | ١,٢٧ | ٧١,٠ | هاوڕام |
| | ٤,٥٠ | ٢٥,٤٠ | ٩,٩٧ | ٣٠,٨٧ | ٢٩,٢٦ | | | | |
| لە نێوان دوو بژاردە کارکردن یان مێرد کردن ئەوا دووەمیان هەڵدەبژێرم | ٤٢ | ٩٢ | ٧٠ | ٦٩ | ٣٨ | ٢,٩٠ | ١,٢٤ | ٥٨,٠ | تاڕادەیەک |
| | ١٣,٥٠ | ٢٩,٥٨ | ٢٢,٥١ | ٢٢,١٩ | ١٢,٢٢ | | | | |
| کۆمەڵگە وەک کەسێکی زەعیفە و لاواز تەماشام دەکات بۆیە بێکارم | ٨٦ | ١٢٠ | ٣٩ | ٣٦ | ٣٠ | ٢,٣٧ | ١,٢٧ | ٤٧,٤ | هاوڕانیم |
| | ٢٧,٦٥ | ٣٨,٥٩ | ١٢,٥٤ | ١١,٥٨ | ٩,٦٥ | | | | |
| کۆمەڵگە وا ئەمبینێت کە توانای بڕیاردانم نیە بۆیە بێکارم | ٨٨ | ١٢٧ | ٢٩ | ٤١ | ٢٦ | ٢,٣٢ | ١,٢٥ | ٤٦,٤ | هاوڕانیم |
| | ٢٨,٣٠ | ٤٠,٨٤ | ٩,٣٢ | ١٣,١٨ | ٨,٣٦ | | | | |
| مێینە بونم وای کردووە چاوەڕێی بەرهەمم لێناکرێت بۆیە بێکارم | ٩٠ | ١٢٤ | ٢٩ | ٤٢ | ٢٦ | ٢,٣٢ | ١,٢٥ | ٤٦,٤ | هاوڕانیم |
| | ٢٨,٩٤ | ٣٩,٨٧ | ٩,٣٢ | ١٣,٥٠ | ٨,٣٦ | | | | |
| مێینە بوونم وای کردووە باشتر بێت لەماڵەوە بم چونکە من پارێزەری شەرەفی خێزان و بنەماڵەکەمم بۆیە بێکارم | ٨٦ | ١٣١ | ١٢ | ٤٥ | ٣٧ | ٢,٤١ | ١,٣٤ | ٤٨,٢ | هاوڕانیم |
| | ٢٧,٦٥ | ٤٢,١٢ | ٣,٨٦ | ١٤,٤٧ | ١١,٩٠ | | | | |
| ترس لە دوگیان بوون و منداڵبوون وای کردووە خاوەن کار کارم پێنەدات | ٣٧ | ٩٨ | ٧٤ | ٧٨ | ٢٤ | ٢,٨٥ | ١,١٥ | ٥٧,٠ | تاڕادەیەک |
| | ١١,٩٠ | ٣١,٥١ | ٢٣,٧٩ | ٢٥,٠٨ | ٧,٧٢ | | | | |
| ترسی زۆرمانەوەم لەشوێنی کار هۆکارە بۆ بێکاربونم | ٣٦ | ٨٨ | ٢٩ | ١٠٤ | ٥٤ | ٣,١٧ | ١,٣٢ | ٦٣,٤ | تاڕادەیەک |
| | ١١,٥٨ | ٢٨,٣٠ | ٩,٣٢ | ٣٣,٤٤ | ١٧,٣٦ | | | | |
| کارێکم دەست ناکەوێت لە چوارچێوەی پسپۆریەکەم بێت | ٩ | ٤٣ | ١٧ | ١٢٨ | ١١٤ | ٣,٩٥ | ١,١١ | ٧٩,٠ | هاوڕام |
| | ٢,٨٩ | ١٣,٨٣ | ٥,٤٧ | ٤١,١٦ | ٣٦,٦٦ | | | | |
| ئەو بوارەی من حەزی پێدەکەم کاری لێبکەم زۆرینەی پیاون بۆیە بێکارم | ٣٧ | ١٣٣ | ٤٩ | ٥٧ | ٣٥ | ٢,٧٤ | ١,٢١ | ٥٤,٨ | تاڕادەیەک |
| | ١١,٩٠ | ٤٢,٧٧ | ١٥,٧٦ | ١٨,٣٣ | ١١,٢٥ | | | | |
| حەز دەکەم کارێک بکەم پشووی هەبێت بۆ نمونە پشووی هاوینە بۆیە بێکارم | ٣٠ | ١٣٠ | ٣٩ | ٦٣ | ٤٩ | ٢,٩١ | ١,٢٨ | ٥٨,٢ | تاڕادەیەک |
| | ٩,٦٥ | ٤١,٨٠ | ١٢,٥٤ | ٢٠,٢٦ | ١٥,٧٦ | | | | |
| حەز بە کارە ژنانەنەکان دەکەم بۆیە بێکارم | ٣٦ | ١٢٩ | ٤٨ | ٦٣ | ٣٥ | ٢,٧٨ | ١,٢٢ | ٥٥,٦ | تاڕادەیەک |
| | ١١,٥٨ | ٤١,٤٨ | ١٥,٤٣ | ٢٠,٢٦ | ١١,٢٥ | | | | |
| هەستکردنم بەشەرم هۆکارە بۆ بێکاربونم | ٧٠ | ١٥٣ | ١٩ | ٤٧ | ٢٢ | ٢,٣٥ | ١,١٩ | ٤٧,٠ | هاوڕانیم |
| | ٢٢,٥١ | ٤٩,٢٠ | ٦,١١ | ١٥,١١ | ٧,٠٧ | | | | |
| هەست بەکەمی دەکەم بۆیە بێکارم | ١٣١ | ١٣٢ | ١٤ | ٢١ | ١٣ | ١,٨٨ | ١,٠٥ | ٣٧,٦ | هاوڕانیم |
| | ٤٢,١٢ | ٤٢,٤٤ | ٤,٥٠ | ٦,٧٥ | ٤,١٨ | | | | |
| متمانەم بەخۆم نیە بۆیە بێکارم | ١٣٢ | ١٢٧ | ١٧ | ٢٤ | ١١ | ١,٨٩ | ١,٠٥ | ٣٧,٨ | هاوڕانیم |
| | ٤٢,٤٤ | ٤٠,٨٤ | ٥,٤٧ | ٧,٧٢ | ٣,٥٤ | | | | |
| متمانەم بەکەسانی چواردەورم نیە بۆیە بێکارم | ٦٧ | ١٢٧ | ٤٠ | ٥٣ | ٢٤ | ٢,٤٩ | ١,٢٢ | ٤٩,٨ | هاوڕانیم |
| | ٢١,٥٤ | ٤٠,٨٤ | ١٢,٨٦ | ١٧,٠٤ | ٧,٧٢ | | | | |

ئەنجامە ئامارییەکانی خشتەی (٦) ڕوونی دەکاتەوە ئاستی بێکاری لای مێینە لە ڕوانگەی هۆکاری خودییەوە بە شێوەیەکی گشتی، گوزارشت لە ئەنجامی کۆتایی سەرجەم بڕگەکانی ئەم تەوەرە دەکات. داتاکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئاستی گشتیی کاریگەری هۆکارە خودییەکان لە سەر بێکاریی مێینە لە ئاستی (تاڕادەیەک) دایە. بەپێی داتاکان، ڕێژەی وەڵامدانەوەی گشتی بۆ بژاردەی (هاوڕانیم) بەرزترین ڕێژەیە کە (٣٥،٧٤%) ی کۆی بەشداربووان ، پاشان بژاردەی (هاوڕام) دێت بە ڕێژەی (٢٠،٩٢%) ی کۆی بەشداربووان ، و بژاردەی (هەرگیز هاوڕانیم) بە ڕێژەی (١٩،٢٤%) ی کۆی بەشداربووانە. لە کاتێکدا هەردوو بژاردەی (زۆر هاوڕام) و (تاڕادەیەک) نزمترین ڕێژەیان تۆمارکردووە کە بە ڕیزبەندی دەکاتە (١٢،٩٣%) و (١١،١٦%) ی کۆی بەشداربووان .

سەبارەت بە ڕیزبەندی بڕگەکانی ناو خشتەکە، بڕگەی (کارێکم دەست ناکەوێت لە چوارچێوەی پسپۆرییەکەم بێت) لە پلەی یەکەمدا دێت بە بەرزترین ناوەندی ژمارەیی کە (٣،٩٥)ە و گرنگی ڕێژەیی (٧٩%)، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە، کە نەگونجانی دەرفەتی کار لەگەڵ پسپۆڕی، هۆکارێکی سەرەکی بێکارییانە. لە پلەی دووەمدا بڕگەی (دەمەوێت ببمە فەرمانبەر لە کەرتی حکومی بۆیە کارم دەستناکەوێت) دێت بە ناوەندی ژمارەیی (٣،٥٥) و گرنگی ڕێژەیی (٧١%). لە بەرامبەردا، بڕگەی (هەست بەکەمی دەکەم بۆیە بێکارم) نزمترین ناوەندی ژمارەیی تۆمارکردووە کە (١،٨٨)ە، ئەمەش دەریدەخات کە بێکاریی مێینە پەیوەندی بە کەمیی توانای خودی یان نەبوونی متمانە بەخۆوە نییە، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بە لایەنە دەرەکی و پیشەییەکان.
بە گشتی، ناوەندی ژمارەیی کۆتایی بۆ تەواوی ئەم تەوەرە بریتییە لە (٢،٧٣) بە لادانی پێوانەیی (١،٢٢) و گرنگی ڕێژەیی (٥٤،٥%)، کە ئەمەش دەیسەلمێنێت مێینەکان لە ڕووی خودییەوە ئامادەییان تێدایە بۆ کارکردن، بەڵام هەندێک بەربەستی وەک "پسپۆڕی" و "داواکاری کەرتی حکومی" و "ترس لە مانەوەی زۆر لە شوێنی کار" کاریگەرییان لەسەر ئاستی بێکارییان دروست کردووە.

دوای ئەوەی توێژەر لە بەرواری ١٥ی مانگی١ی ٢٠٢٦دا فۆکەس گروپێکی ئەنجامدا بەمەبەستی گەنگەشەکردنی ئەم بابەتە بەشێوەیەکی ووردتر لەگەڵ پسپۆڕان و شارەزایان لەبابەتی توێژینەوەکە ، ٩ شارەزای بوارەکە لە ٨ پێگە و شوێنی جیاوازەوە ئامادەبوون و تاوتوێی بابەتەکەیان کرد لەسەر بنەمای وەڵامدانەوە بۆ ٩ پرسیاری توێژەر،هەر لەسەرەتاوە پرسیار کرا لەبارەی ئەوەی ئایا .ڕێژەی بێکاری لای ڕەگەزی مێینە زیاترە یان ڕەگەزی نێرینە؟

زۆربەی بەشداربووان جەختیان لەسەر ئەوە کرد کە "بەڵێ" بێکاری لای ڕەگەزی مێینە زۆرترە وەک لە ڕەگەزی نێرینە ، بۆ نمونە

**(بەناز قادر/پشکنەر لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران) دەڵێت:**
"لە ڕووکەشدا کاتێک سەردانی شوێنی کارەکان دەکەیت وەکو مۆڵێک وادەردەکەوێ کە ڕێژەی کچان و ژنان زۆر زیاترە بەڵام کاتێک بە داتا بەدواداچوونی بۆ دەکەیت بۆت دەردەکەوێت کە ڕێژەی پیاوان زۆرترە لە بواری کار و پیشە جیاوازەکان"

هەرچی دەربارەی ئەوەی ئایا مێینە بوون هۆکارە بۆ بێکاری
زۆربەی ئەندامانی فۆکەس گروپەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە "بەڵێ" زۆرجار مێینە بوون بە چەند فاکتەرێک ڕێگری دەکات لە چونە سەر کاری ژن و بێبەریان دەکات لە دەرفەتی کارکردن.

**(بەناز قادر/پشکنەر لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران) دەڵێت :**
"بەڵێ هۆکارە زۆرجار ئەرکە ژنانەکانی ڕێگری کارکردنی لێدەکاتبۆ نموونە ژنێک منالێکی هەیە هەستی دایکایەتی ڕێگەی نادات منداڵەکەی بباتە دایەنگا یان زۆر جار ئەمە لەبەرچاوی خزم و کەسوکار بەتایبەتی ماڵی خەزورانی توشی قسەوقسەڵۆکی دەکات بۆیە نایەوێ منداڵەکەی بباتە دایەنگە، هەندێکجاریش ئەو ئیشانەی قورسن ژن زۆر نایکات".

**لەلایەکی دیکە خێڵان جەبار ڕەسوڵ- سەرپەرشتیاری پرۆژەی ژنان لە ڕێکخراوی سی دی ئۆ دەڵێت :**
"بەڵێ ڕێگرە بە جۆرێک بەتایبەتی بۆ هەندێک کار وەکو ( ئای تی ) هەمیشە تەرکیز دەخرێتە سەر تواناکانی پیاوان، بەڵام بۆ هەندێ ئیشی لاوەکی وەکو ڕیسێپشن دایان دەنێن، وە لە ناو خێزانەکانیشدا زۆرجار تەرکیز لەسەر پیاوانە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان و کەمتر پشت بە ژنان دەبەستن".

**بەڵام (مامۆستا شاسۆ هێمن مجید مامۆستا لە زانکۆی نێودەوڵەتی قەیوان)دەڵێت:**
"پێم وایە هۆکارێکی مێژووی هەیە و لەوەتەی مرۆڤ هەبووە هەمیشە پیاوان بە گونجاوتر بینراون بۆ کارکردن بە هۆی چەندین پاڵنەرەوە ".

**(حسام بەرزنجی / سەرۆکی ڕێکخراوی کیدۆ) دەڵێت:**
"پێم وایە لە کۆمەڵگای ئێمە ئەم پرسیارە کەوتۆتە سەر جۆری کارەکە، هەندێک کار هەیە ژنان زیاتر حەزیان پێیەتی وەکو کەرتی پەروەردە و تەندروستی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو شوێنانە هاوپیشەی خۆیان زۆرن وهەست بە ئاسایشێکی زیاتر دەکەن، بەڵام لە هەندێ جۆری دیکەی کاردا زیاتر دووردەکەونەوە چونکە پێیان وایە ئەو جۆرە کارانە هی پیاون، هەروەها لە کەرتی تایبەتیش دووردەکەونەوە، ژینگەکەش لەبار و گونجاو نییە".

**(هانا شوان / سەرۆکی ڕێکخراوی ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری ژنان):دەڵێت**
"پێم وایە زۆر کاریگەری هەیە بەتایبەتی بەهۆی هەندێک بارودۆخی تایبەتی ژنانەوە وەکو منداڵبوون و دایکایەتی، زۆر شوێن بەتایبەتی ئەهلییەکان خۆیان بە دوور دەگرن لە کارمەندی ژن لەبەر ئەم هۆکارە. هەروەها هاوسەرگیری کردن زۆرجار ئەو کەسانەی زەواج دەکەن ئیتر واز لە کارەکانیان دەهێنن بەهۆی پابەندبوونیان بە کاروباری ناوماڵ و خێزانەوە، هەندێکجار خێزانەکان بە تەنزەوە بە کچەکانیان دەڵێن لە جیاتی ئەو ئیشەی دەیکەیت ئاگات لە منداڵەکەت بێت و پارەشت زیاتر لە مووچەکەت دەدەینێ. واتا فشارێکی گەورەی دەروونی لەسەر کچەکانە، بۆ نموونە منداڵێک لە چاوپێکەوتنێک ئاماژە بەوەدەکات، دایکی ناتوانێت چێشتی گەرمیان بۆ دابین بکات. لە هەندێک شوێنیش وەکو چاوی بەزەیی سێری کاری ژنان دەکرێت بەتایبەت ئەو ژنانەی کەوا کاری دەستی دەکەن، بۆیە شتیان لێ دەکڕن وەکو هاوکاری".

**ئەحمەد محمد حەسەن- جێگری بەڕێوەبەری ڕاهێنان و پیشەیی سلێمانی: دەڵێت**
"منیش پێم وایە هۆکارە بایۆلۆژییەکانی ژنان زۆرجار پاڵنەرن بۆ ئەوەی ژنان کەمتر دەرفەتیان هەبێت بەتایبەتی دووگیانبوون، واتا بابەتەکە هۆکارەکەی ئارەزوومەندانە نییە بەڵکو بە گوێرەی ئەو زوروفانەی ژنێتیەوەیە".

**(زریان حمه امین / کارمەند لە ژووری بازرگاننی سلێمانی)دەڵێت**

"من پێم وانییە مێینەبوون زۆرهۆکار بێت و ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە، ئێستا دەرفەتی زیاتر دەدرێت بە ژنان، جاران لەبەر عەیبە ئافرەت ئیشی نەدەکرد بەڵام ئێشتا ئەو بەربەستانە نەماون و تەنها ئەوە ماوەتەوە کە ئافرەتەکە شارەزایی هەبێت، پێم وایە کەسوکاریان پاڵپشتیان دەکەن و بارودۆخەکە گۆڕاوە"

**(شلێر عبدالرحمن / ژنە بازرگان لە گەرمیان) هاورایە کە**

"مێینەبوون ڕەنگە خۆی کێشە بێت بەڵام پێی وایە ژنان پێویستە خۆیان بەهێزبکەن و ڕۆشنبیربکەن، واتا پێم وایە زۆرجار ژنان خۆیان کێشەکەن، بە جۆرێک ئەو ژنانەی کە لە دەرەوەی شارن و کەمتر ڕۆشنبیرییان هەیە هەمیشە زیاتر بەرکەوتەن بۆ بێکاری و کەمتر دەرفەتی کاریان هەیە،لەدرێژەی قسەکانی ئاماژە بەوەدەکات "کە ئافرەت دەناسێت کە داوای ٥ هەزار لە مێردەکەی دەکات (ئەمەش بڕە پارەیەکی کەمە بۆئێستای کۆمەڵگەی کوردی) بەڵام ئەو نایداتێ، ناشهێڵێت ئیش بکات" هەروەها لە جێگەیەکیتر باس لەوە دەکات کە زۆر نموونەی لایە "کە کچان لە مالەوە دەیانەوێت کار بکەن بەڵام خێزانەکانیان ڕێگەیان پێ نادەن. بۆ چارەسەری ئەمە پێویستە ئافرەت خاوەنی خۆی بێت."

لێرەوە دەردەکەوێت کە مێینە بوون زۆرجار هۆکارێکی گرنگە لە پشت بێکاربوونی کچان بەوپێیەی کە وێنە باوەکان بۆ کچان ئەوەی دەچەسپێت لەمێشکی یەکە بەیەکەی تاکەکانی کۆمەڵگە هەمیشە پێشبینی کردن بۆ بەئەنجام گەیاندنی ڕۆڵە ژنانەکان دەبێتە بێ بەری بونیان لە کار .

# خشتەی (٧) هۆکاری کۆمەڵگەیی بێکاری لای مێینە

| هۆکاری کۆمەڵگەیی | هەرگیز هاوڕانیم | هاوڕانیم | تاڕادەیەک | هاوڕام | زۆر هاوڕام | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | | | | |
| | % | % | % | % | % | Mean | S.D | RI | Results |
| ترسم لەوەی گێچەڵم پێبکرێت لە شوێنی کار هۆکارە بۆ بێکار بونم | ٤٦ | ٩٩ | ٣٢ | ٩٥ | ٣٩ | ٢,٩٤ | ١,٣١ | ٥٨,٨ | تاڕادەیەک |
| | ١٤,٧٩ | ٣١,٨٣ | ١٠,٢٩ | ٣٠,٥٥ | ١٢,٥٤ | | | | |
| گرنگیدانی خاوەن کار بەشێوەو ڕوخساری دەرەوە هۆکارە بۆ بێکاربونم | ٣٥ | ٧٨ | ٣٨ | ١٠٦ | ٥٤ | ٣,٢١ | ١,٣٠ | ٦٤,٢ | تاڕادەیەک |
| | ١١,٢٥ | ٢٥,٠٨ | ١٢,٢٢ | ٣٤,٠٨ | ١٧,٣٦ | | | | |
| خێزانەکەم ڕێگەم نادەن تادرەنگانێک لە کار بمێنمەوە بۆیە بێکارم | ٢٧ | ٧١ | ٣٦ | ١٠٧ | ٧٠ | ٣,٣٩ | ١,٢٩ | ٦٧,٨ | هاوڕام |
| | ٨,٦٨ | ٢٢,٨٣ | ١١,٥٨ | ٣٤,٤١ | ٢٢,٥١ | | | | |
| بوونی جیاکاری لەکاردا هۆکارە بۆ بێکاربونم | ١٧ | ٦٣ | ٤٣ | ١٢٨ | ٦٠ | ٣,٤٩ | ١,١٧ | ٦٩,٨ | هاوڕام |
| | ٥,٤٧ | ٢٠,٢٦ | ١٣,٨٣ | ٤١,١٦ | ١٩,٢٩ | | | | |
| خێزانەکەم ڕێگەم نادەن لە شوێنی نیشتەجێبوونم دوور بکەومەوە بۆیە بێکارم | ٣٢ | ٩٨ | ٣٩ | ٨٧ | ٥٥ | ٣,١١ | ١,٣١ | ٦٢,٢ | تاڕادەیەک |
| | ١٠,٢٩ | ٣١,٥١ | ١٢,٥٤ | ٢٧,٩٧ | ١٧,٦٨ | | | | |
| نەبوونی پلانی حکومەت بۆ دەرفەتی کار هۆکارە بۆ بێکاربونم | ٦ | ١٥ | ١٣ | ٧٨ | ١٩٩ | ٤,٤٤ | ٠,٩٢ | ٨٨,٨ | زۆر هاوڕام |
| | ١,٩٣ | ٤,٨٢ | ٤,١٨ | ٢٥,٠٨ | ٦٣,٩٩ | | | | |
| زۆری ڕێژەی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان هۆکارە بۆ بێکار بونم | ٦ | ٥٧ | ٢٠ | ٩١ | ١٣٧ | ٣,٩٥ | ١,١٩ | ٧٩,٠ | هاوڕام |
| | ١,٩٣ | ١٨,٣٣ | ٦,٤٣ | ٢٩,٢٦ | ٤٤,٠٥ | | | | |
| بەکارخستنی کرێکاری بیانی دەرفەتی کار کردنی بۆ نەهێشتووم | ١١ | ٤٦ | ٣٨ | ١١٢ | ١٠٤ | ٣,٨١ | ١,١٦ | ٧٦,٢ | هاوڕام |
| | ٣,٥٤ | ١٤,٧٩ | ١٢,٢٢ | ٣٦,٠١ | ٣٣,٤٤ | | | | |
| کلتوری کۆمەڵگە ڕێگەم پێنادات هەندێک جۆری پیشە بکەم | ١٢ | ٤٨ | ٣٤ | ١٣٦ | ٨١ | ٣,٧٣ | ١,١٢ | ٧٤,٦ | هاوڕام |
| | ٣,٨٦ | ١٥,٤٣ | ١٠,٩٣ | ٤٣,٧٣ | ٢٦,٠٥ | | | | |
| پرۆگرامی خوێندنەکەم بایەخی نەداوە بە گەشەپێدانی توانا و لێهاتویەکانم | ٢٠ | ٦٣ | ٣٧ | ١٠٥ | ٨٦ | ٣,٥٦ | ١,٢٦ | ٧١,٢ | هاوڕام |
| | ٦,٤٣ | ٢٠,٢٦ | ١١,٩٠ | ٣٣,٧٦ | ٢٧,٦٥ | | | | |
| پرۆگرامی خوێندنەکەم گونجاو نیە بۆ ئەمرۆی بازاڕی کار | ٢٦ | ٩٢ | ٣٤ | ٩٨ | ٦١ | ٣,٢٤ | ١,٢٩ | ٦٤,٨ | تاڕادەیەک |
| | ٨,٣٦ | ٢٩,٥٨ | ١٠,٩٣ | ٣١,٥١ | ١٩,٦١ | | | | |
| نازانم چۆن سود لە سۆشیال میدیا وەربگرم بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و گۆڕینی بۆ بازاڕی کار بۆخۆم | ٢٢ | ٨٥ | ٥٣ | ١١٠ | ٤١ | ٣,٢٠ | ١,١٨ | ٦٤,٠ | تاڕادەیەک |
| | ٧,٠٧ | ٢٧,٣٣ | ١٧,٠٤ | ٣٥,٣٧ | ١٣,١٨ | | | | |
| خراپی کەرتە ئابوریەکانی کۆمەڵگە هۆکارە بۆ بێکاربونم | ٩ | ٢٩ | ٢١ | ١٥٦ | ٩٦ | ٣,٩٧ | ١,٠١ | ٧٩,٤ | هاوڕام |
| | ٢,٨٩ | ٩,٣٢ | ٦,٧٥ | ٥٠,١٦ | ٣٠,٨٧ | | | | |
| بوونی ململانێی سیاسی هۆکارە بۆ بێکاربونم | ١٠ | ٤١ | ٤٩ | ١٠٠ | ١١١ | ٣,٨٤ | ١,١٤ | ٧٦,٨ | هاوڕام |
| | ٣,٢٢ | ١٣,١٨ | ١٥,٧٦ | ٣٢,١٥ | ٣٥,٦٩ | | | | |
| کاتێک بمەوێت ئیشێک بکەم لەدەرەوەی وێنە باوەکە خەڵکی لۆمەم دەکەن | ١٩ | ٨٧ | ٧٦ | ٨٥ | ٤٤ | ٣,١٥ | ١,١٦ | ٦٣,٠ | تاڕادەیەک |
| | ٦,١١ | ٢٧,٩٧ | ٢٤,٤٤ | ٢٧,٣٣ | ١٤,١٥ | | | | |
| ئەترسم لەوەی ئەگەر کارێکی جیاواز و سەربەخۆ بکەم لە سۆشیال میدیا تانەم لێبدەن و گاڵتەم پێ بکەن | ٣٣ | ١٠٥ | ٤٤ | ٨٦ | ٤٣ | ٣,٠٠ | ١,٢٦ | ٦٠,٠ | تاڕادەیەک |
| | ١٠,٦١ | ٣٣,٧٦ | ١٤,١٥ | ٢٧,٦٥ | ١٣,٨٣ | | | | |
| **کۆی گشتی** | ٣٣١ | ١٠٧٧ | ٦٠٧ | ١٦٨٠ | ١٢٨١ | ٣,٥٠ | ١,١٩ | ٧٠,٠٤ | هاوڕام |
| | ٦,٦٥ | ٢١,٦٤ | ١٢,٢٠ | ٣٣,٧٦ | ٢٥,٧٤ | | | | |

ئەنجامە ئامارییەکانی خشتەی (٧) ڕوونی دەکاتەوە ئاستی بێکاری لای مێینە لە ڕوانگەی هۆکاری کۆمەڵگەیی بەشێوەیەکی گشتی، گوزارشت لە کۆی گشتی کارتێکەرە دەرەکی و ژینگەییەکان دەکات. بەپێی داتاکان، ئاستی گشتیی کاریگەری هۆکارە کۆمەڵگەییەکان لەسەر بێکاریی مێینە لە ئاستی (هاوڕام) دایە. ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە ڕێژەی وەڵامدانەوەی گشتی بۆ بژاردەی (هاوڕام) بەرزترین ڕێژەیە کە (٣٣،٧٦%) ی کۆی بەشداربووان پێکدەهێنێت ، پاشان بژاردەی (زۆر هاوڕام) دێت کە ڕێژەی (٢٥،٧٤%)ی کۆی گشتی وەڵامەکان پێکدەهێنن. لە بەرامبەردا، بژاردەی (هەرگیز هاوڕانیم) نزمترین ڕێژەی تۆمارکردووە کە تەنها (٦،٦٥%) ی کۆی بەشداربووان پێکدەهێنێت.

سەبارەت بە ڕیزبەندی بڕگەکان، بڕگەی (نەبوونی پلانی حکومەت بۆ دەرفەتی کار هۆکارە بۆ بێکاربونم) لە پلەی یەکەمدا جێگیر بووە بە بەرزترین ناوەندی ژمارەیی کە (٤،٤٤)ە و گرنگی ڕێژەیی (٨٨،٨%) ی کۆی بەشداربووان پێکدەهێنێت ، ئەمەش ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە لایەنی کارگێڕی و پلاندانانی دەوڵەت وەک سەرەکیترین بەربەست دەبینرێت. لە پلەی دووەمدا بڕگەی (خراپی کەرتە ئابوریەکانی کۆمەڵگە) دێت بە ناوەندی ژمارەیی (٣،٩٧)، و لە پلەی سێیەمدا بڕگەی (زۆری ڕێژەی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان) جێگیر بووە بە ناوەندی ژمارەیی (٣،٩٥). لە بەرامبەردا، بڕگەی (ترس لە گێچەڵ پێکردن لە شوێنی کار) نزمترین ناوەندی تۆمارکردووە لە نێو ئەم تەوەرەیەدا کە (٢،٩٤)ە و لە ئاستی (تاڕادەیەک) دایە.
بە گشتی، ناوەندی ژمارەیی کۆتایی بۆ تەواوی ئەم تەوەرەیە بریتییە لە (٣،٥٠) بە لادانی پێوانەیی (١،١٩) و گرنگی ڕێژەیی (٧٠،٠٤%). ئەم ئەنجامە ئەوە دەسەلمێنێت کە بێکاری لای مێینە لەم لێکۆڵینەوەیەدا زیاتر پەیوەستە بە فاکتەرە سیستەمی و پێکهاتەییەکانی کۆمەڵگە وەک (نەبوونی پلان، کێشەی ئابوری، کلتوری کۆمەڵایەتی و جیاکاری لەکاردا)، نەک تەنها هۆکارە کەسییەکان.
لە ڕوانگەی ئەندامانی فۆکەس گروپەکە تەنها ژن بوون هۆکار نیە بۆ بێکار بوونی کچانی دەرچوی زانکۆ و پەیمانگا بەڵکو ژینگەی چواردەوریش کاریگەری هەیە لەوانە ژینگەی ناوەکی کە خێزان و پەروەردەی خێزانیە لەوانە :

**(بەناز قادر/ پشکنەر لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران) دەڵێت**
"بەڵێ پێم وایە زۆر هۆکارە بەتایبەتی ئەو شێوازە پەروەردەکردنە ئاینییەی کە لە ناو کۆمەڵەگادا هەیە، پێم وایە جۆریەتیی پەروەردەکردنی کچان لە تەمەنێکی منداڵییەوە زۆر گرنگە، بەهەمان شێوە بۆ کوڕەکانیشمان"

**لەلایەکی دیکە خێڵان جەبار رەسوڵ- سەرپەرشتیاری پڕۆژەی ژنان لە ڕێکخراوی سی دی ئۆ: دەڵێت**
"بە بۆچوونی من منداڵان بەتایبەتی کچان پێویستە لە تەمەنێکی منداڵییەوە ( لە تەمەنی هەرزەکارییەوە ) ئیتر فێری کارکردن بکرێن، چونکە کاتێک خوێندن تەواودەکەن سێر دەکەن تواناکانیان هێشتا بۆ کارکردن زۆر لاوازە و وەکو پێویست نییە"

**بەڵام (زریان حمە امین / کارمەند لە ژووری بازرگانی سلێمانی) بۆچونێکی جیاوازی هەیە ئەو پێی وایە**
"لە ئێستادا بارودۆخ زۆر گۆڕاوە و ئێستا کچان ئازادترن وەکو لە جاران لە کارکردن. واتا من ئەگەر ئێستا کچێکم هەبێ ئەوە بەوجۆرەی پێشوو پەروەردەی ناکەم، لە دەرەوەی شاریش دیاردەکە کەم بۆتەوە"

هەر سەبارەت بە ژینگەی دەرەکی و بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی هەیە بە تێڕوانینە نەرێنیەکانی کۆمەڵگە بۆ ژنان زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە بەڵێ کۆمەڵگە هۆکارە بۆ بێکاربونیان.

**بۆ نمونە (بەناز قادر/ پشکنەر لە دەستەبەری کۆمەلایەتی بۆ کرێکاران): دەڵێت**

"بەڵێ زۆر کاریگەرە، هەروەها بە بۆچوونی من چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە بریتییە لەوەی لە منداڵییەوە کاربکرێت لەسەر پەروەردەی منداڵەکانمان تاوەکو فێری یەکسانی ڕەگەزی وهەندێک بنەمای دیکە بکرێن. هەروەها تەنها رۆڵی ژنان خۆیان نییە بەلکو ئەرکی حکومەتیشە ژینگەیەکی لەبار فەراهەمبکات تێیدا ڕەچاوی سەرجەم بنەماکانی یەکسانی تێدا بکرێت. پێویستە هانی مامۆستایانی ئاینی بدرێت تاوەکو هانی خەڵکی بدەن بەرەو ڕۆشبیری و هۆکار نەبن بە پێچەوانەوە"

**لە کاتێکدا (حسام بەرزنجی / سەرۆکی ڕێکخراوی کیدۆ) دەڵێت**

"من پێم وایە کۆمەڵێک هۆکار هەن بە گشتی کاریگەریان لەسەر کەمی کارکردنی ژنان هەیە، ئەوانیش یەکەم کۆمەڵگەی ئێمە خێڵەکییە، لای ئێمە خێزان بۆ بەخێوکردنی پیاو و منداڵ و ئاژەڵدارییە، نەخوێندەواری زۆرە لە ناوماندا، ڕۆژانێک خوێندن تەنانەت قەدەغە بووە، دووەم هۆکاری ئاینییە، سێهەم کەمی هۆشیاری و ڕۆشنبیری گشتی، چوارەمیش هەژاری، لە کۆمەڵگەی ئێمەوە هەر لەتەمەنی منداڵییەوە جیاوازییەکی زۆر دەکرێت لە نێوان منداڵی کچ و کوڕدا تەنانەت لە شێوازی یاریکردنیشدا. وەکو نموونە لە قەزایەکی دەرەوەی شار جارێکیان ژنێک پێی وتین ( ژن لێی نەدرێت دنیا ئەخوات )، یان هەیە لێیدراوە وتویەتی ناچم بۆ دادگا حەیام دەچێت"

**ئەحمەد محمد حەسەن- جێگری بەڕێوەبەری ڕاهێنان و پیشەیی سلێمانی: دەڵێت**

"پێم وایە ئەمە زیاتر کەوتۆتەوە سەر جۆری پیشەکە و بێگومان کۆمەڵگا هۆکارە، بۆ نموونە بەشی کارەبا کەمتر دەچن بۆی، بەڵام من لە کۆریا چووم بۆ کارگەیەک بینم ڕێژەی ژنان زۆر بوون کە کاری لەحیمیان دەکرد کە لێرە ئەستەمە هەبێ"

**(مامۆستا شاسۆ هێمن مجید مامۆستا لە زانکۆی نێودەوڵەتی قەیوان)دەڵێت**

"پێم وایە ژنان خۆیان هۆکارن و پێویستە قوربانی بدەن تاوەکو زاڵبن بەسەر ئەو کێشانە بەڵام ئەگەر بێدەنگ بن هیچ گۆڕانکارییەک دروست نابێت"

لێرەدا دەردەکەوێت کە بەگشتی ئەندامانی فۆکەس گروپەکە لەگەڵ ئەوەدان کە شێوازی پەروەردەکردنی خێزانی کە کاریگەرە بە ئاین و کلتور لە کۆمەڵگەی کوردی زۆرجار هۆکارە بۆ دروستکردنی کەسێتیەکی لاوازی کچانەی ناسک کە وادەکات نەتوانێت بەئاسانی لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت و ڕووبەڕووی ئەو بەربەستانە بێت کە کۆمەڵگە بۆی دروست دەکات و ناهێلێت پشت بە خۆی ببەستی و متمانەی بە توانا و لێهاتویەکانی هەبێت و بتوانێت ئازایانە بچیتە مەیدان و خۆی لە هەندێک کار تێکهەڵکێش بکات کە پیاوانەیە بەڵکو زیاتر لەدەوری کارە ژنانەکان دەخولێتەوە .

**خشتەی (٨) روونی دەکاتەوە ئاستی بێکاری لای مێینە لە ڕوانگەی شوێنەوارەکانی بێکاری لەسەر مێینە**

| شوێنەوارەکانی بێکاری لەسەر مێینە | هەرگیز هاوڕانیم | هاوڕانیم | تاڕادەیەک | هاوڕام | زۆر هاوڕام | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | | | | |
| | % | % | % | % | % | Mean | S.D | RI | Results |
| بێکاریم بۆتە هۆی لەدەستدانی متمانە بە خۆبونم | ٣٥ | ١٠٦ | ٣٨ | ١٠١ | ٣١ | ٢,٩٦ | ١,٢٣ | ٥٩,٢ | تاڕادەیەک |
| | ١١,٢٥ | ٣٤,٠٨ | ١٢,٢٢ | ٣٢,٤٨ | ٩,٩٧ | | | | |
| بێکاربونم بۆتەهۆی لەدەستدانی ئاسایشی دەرونیم | ٣٣ | ٨٨ | ٣٣ | ١١٦ | ٤١ | ٣,١٤ | ١,٢٦ | ٦٢,٨ | تاڕادەیەک |
| | ١٠,٦١ | ٢٨,٣٠ | ١٠,٦١ | ٣٧,٣٠ | ١٣,١٨ | | | | |
| بێکاربونم بۆتە هۆی لاوازبونی پەیوەندیەکانم | ٤٠ | ١٠٩ | ٣٩ | ٨٨ | ٣٥ | ٢,٩٠ | ١,٢٦ | ٥٨,٠ | تاڕادەیەک |
| | ١٢,٨٦ | ٣٥,٠٥ | ١٢,٥٤ | ٢٨,٣٠ | ١١,٢٥ | | | | |
| بێکاربونم بۆتە هۆی لەدەستدانی چانسی هاوسەرگیریم | ٨٤ | ١٢١ | ٤٦ | ٤٥ | ١٥ | ٢,٣١ | ١,١٦ | ٤٦,٢ | هاوڕانیم |
| | ٢٧,٠١ | ٣٨,٩١ | ١٤,٧٩ | ١٤,٤٧ | ٤,٨٢ | | | | |
| بێکاربونم بۆتە هۆی لەدەستدانی رۆحی ئینتیمام بۆ خاک و نیشتیمان | ٤٠ | ٨٠ | ٢٧ | ٨٤ | ٨٠ | ٣,٢٧ | ١,٤٢ | ٦٥,٤ | تاڕادەیەک |
| | ١٢,٨٦ | ٢٥,٧٢ | ٨,٦٨ | ٢٧,٠١ | ٢٥,٧٢ | | | | |
| ئارەزوی بەجێهێشتنی وولاتەکەم دەکەم | ٥٦ | ٦٣ | ٢٣ | ٨٣ | ٨٦ | ٣,٢٦ | ١,٥٠ | ٦٥,٢ | تاڕادەیەک |
| | ١٨,٠١ | ٢٠,٢٦ | ٧,٤٠ | ٢٦,٦٩ | ٢٧,٦٥ | | | | |
| زۆری کاتە بەتاڵەکانم توشی بێزاری کردوومم | ٣٢ | ٤٥ | ٢٦ | ١٢١ | ٨٧ | ٣,٦٠ | ١,٣١ | ٧٢,٠ | هاوڕام |
| | ١٠,٢٩ | ١٤,٤٧ | ٨,٣٦ | ٣٨,٩١ | ٢٧,٩٧ | | | | |
| پرم لە رق بە هۆی بێهیوا بونم | ٤٧ | ٩٢ | ٣١ | ٨٤ | ٥٧ | ٣,٠٤ | ١,٣٨ | ٦٠,٨ | تاڕادەیەک |
| | ١٥,١١ | ٢٩,٥٨ | ٩,٩٧ | ٢٧,٠١ | ١٨,٣٣ | | | | |
| حەز بە ئازاردانی ئەوانیتر دەکەم | ١٥٥ | ١١٠ | ٢٠ | ١١ | ١٥ | ١,٧٨ | ١,٠٥ | ٣٥,٦ | هەرگیز هاوڕانیم |
| | ٤٩,٨٤ | ٣٥,٣٧ | ٦,٤٣ | ٣,٥٤ | ٤,٨٢ | | | | |
| حەز بە پاکرانەگرتنی شوێنە گشتیەکان و تێکدانیان دەکەم | ١٨٤ | ٨٢ | ١٤ | ١٠ | ٢١ | ١,٧٢ | ١,١٤ | ٣٤,٤ | هەرگیز هاوڕانیم |
| | ٥٩,١٦ | ٢٦,٣٧ | ٤,٥٠ | ٣,٢٢ | ٦,٧٥ | | | | |
| کۆی گشتی | ٧٠٦ | ٨٩٦ | ٢٩٧ | ٧٤٣ | ٤٦٨ | ٢,٨٠ | ١,٢٧ | ٥٥,٩٦ | تاڕادەیەک |
| | ٢٢,٧٠ | ٢٨,٨١ | ٩,٥٥ | ٢٣,٨٩ | ١٥,٠٥ | | | | |

ئەنجامە ئامارییەکانی خشتەی (٨) ڕوونی دەکاتەوە ئاستی بێکاری لای مێینە لە ڕوانگەی شوێنەوارەکانی بێکاری لەسەر مێینە بەشێوەیەکی گشتی، گوزارشت لە ئەنجامی کۆتایی کاریگەرییە دەروونی، کۆمەڵایەتی و ڕەفتارییەکانی بێکاری دەکات. بەپێی داتاکان، ئاستی گشتیی شوێنەوارەکانی بێکاری لەسەر مێینە لە ئاستی (تاڕادەیەک) دایە. داتاکان ئاماژە بەوە دەدەن ڕێژەی وەڵامدانەوەی گشتی بۆ بژاردەی (هاوڕانیم) بەرزترین ڕێژەیە کە (٢٨،٨١%) ی کۆی بەشداربووان پێکدەهێنێت ، پاشان بژاردەی (هاوڕام) دێت بە ڕێژەی (٢٣،٨٩%) ی کۆی بەشداربووان پێکدەهێنێت و بژاردەی (هەرگیز هاوڕانیم) بە ڕێژەی (٢٢،٧٠%)ی کۆی گشتی وەڵامەکان پێکدەهێنن. لە بەرامبەردا، بژاردەی (زۆر هاوڕام) و (تاڕادەیەک) نزمترین ڕێژەیان تۆمارکردووە کە بە ڕیزبەندی دەکاتە (١٥،٠٥%) و (٩،٥٥%) ی کۆی بەشداربووان پێکدەهێنێت.

سەبارەت بە ڕیزبەندی بڕگەکانی ناو خشتەکە، بڕگەی (زۆری کاتە بەتاڵەکانم توشی بێزاری کردووەم) لە پلەی یەکەمدا دێت بە بەرزترین ناوەندی ژمارەیی کە (٣،٦٠)ـە و گرنگی ڕێژەیی (٧٢%)، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە بێزاری و کاتی بەتاڵ دیارترین شوێنەواری نەرێنی بێکارییە. لە پلەی دووەمدا بڕگەی (بێکاربونم بۆتە هۆی لەدەستدانی رۆحی ئینتیمام بۆ خاک و نیشتیمان) دێت بە ناوەندی ژمارەیی (٣،٢٧)، و لە پلەی سێیەمدا (ئارەزوی بەجێهێشتنی وولاتەکەم دەکەم) جێگیر بووە بە ناوەندی ژمارەیی (3.26). لە بەرامبەردا، بڕگەی (حەز بە پاکرانەگرتنی شوێنە گشتیەکان و تێکدانیان دەکەم) نزمترین ناوەندی تۆمارکردووە کە (1.72)ـە و لە ئاستی (هەرگیز هاوڕانیم) دایە، ئەمەش دەریدەخات کە بێکاری نەبۆتە هۆی تێکدانی ڕەفتاری شارستانی و کۆمەڵایەتی لای مێینەکان.

بە گشتی، ناوەندی ژمارەیی کۆتایی بۆ تەواوی ئەم تەوەرەیە بریتییە لە (٢،٨٠) بە لادانی پێوانەیی (١،٢٧) و گرنگی ڕێژەیی (٥٥،٩٦%). ئەم ئەنجامە ئەوە دەسەلمێنێت کە بێکاری کاریگەرییەکی مامناوەندی لەسەر لایەنی دەروونی و هەستی نیشتیمانی مێینەکان دروست کردووە، بەڵام نەگەیشتۆتە ئاستی تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یان پەنابردن بۆ توندوتیژی و زیانگەیاندن بە ژینگەی گشتی.

هەرچی سەبارەت بە بۆچونی ئەندامانی فۆکەس گروپەکەیە ئەوان بەم شێوەیە گوزارشت لە شوێنەوارەکانی بێکاری دەکەن لەسە کچانی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا "دەبێتە کەسێکی ژێردەستە ، بڕوابوونی بە خۆی کەمدەکات ، توشی بەلاڕێدابوون دەبێت ،هەستی خۆ بەکەمزانین زیاد دەکات ،توشبوون بە نەخۆشی دەروونی. ژیانێکی نا دروست"

# خشتەی (٩) میکانیزمی ڕوبەڕوبونەوەی بێکاری لای مێینە

| میکانیزمی ڕوبەڕوبونەوەی بێکاری لای مێینە | هەرگیز هاوڕانیم | هاوڕانیم | تاڕادەیەک | هاوڕام | زۆر هاوڕام | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | | | | |
| | % | % | % | % | % | Mean | S.D | RI | Results |
| پلان هەبێت بۆ ڕێژەی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگاکان بەپێی پێویستی بازار | ٦ | ١٤ | ١٨ | ١٠٩ | ١٦٤ | ٤,٣٢ | ٠,٩٢ | ٨٦,٤٣ | زۆر هاوڕام |
| | ١,٩٣ | ٤,٥٠ | ٥,٧٩ | ٣٥,٠٥ | ٥٢,٧٣ | | | | |
| گرنگی بدرێت بە خوێندنی پیشەیی | ٣ | ٥ | ٢١ | ١٢٢ | ١٦٠ | ٤,٣٩ | ٠,٧٧ | ٨٧,٧٢ | زۆر هاوڕام |
| | ٠,٩٦ | ١,٦١ | ٦,٧٥ | ٣٩,٢٣ | ٥١,٤٥ | | | | |
| هەلی کاری بە داهاتی کەم زیاد بکرێت | ٣٠ | ٦٢ | ٢٧ | ٩٢ | ١٠٠ | ٣,٥٥ | ١,٣٧ | ٧٠,٩٣ | هاوڕام |
| | ٩,٦٥ | ١٩,٩٤ | ٨,٦٨ | ٢٩,٥٨ | ٣٢,١٥ | | | | |
| فەرمانبەرە زیادەکان لە بری دەرکردن لەسەر کار بکرێن بە نیو دەوام | ٧ | ٢٠ | ٣٠ | ١٣٨ | ١١٦ | ٤,٠٨ | ٠,٩٦ | ٨١,٦١ | هاوڕام |
| | ٢,٢٥ | ٦,٤٣ | ٩,٦٥ | ٤٤,٣٧ | ٣٧,٣٠ | | | | |
| پرۆگرامی خوێندن بە پێی پێویستی بازار دیاری بکرێت | ٤ | ١٤ | ٢٩ | ١٢١ | ١٤٣ | ٤,٢٤ | ٠,٨٩ | ٨٤,٧٦ | زۆر هاوڕام |
| | ١,٢٩ | ٤,٥٠ | ٩,٣٢ | ٣٨,٩١ | ٤٥,٩٨ | | | | |
| هانی دەرچوان بدرێت و کارئاسانیان بۆ بکرێت بینە خاوەکاری خۆیان | ٣ | ٧ | ٨ | ٨٩ | ٢٠٤ | ٤,٥٦ | ٠,٧٤ | ٩١,١٣ | زۆر هاوڕام |
| | ٠,٩٦ | ٢,٢٥ | ٢,٥٧ | ٢٨,٦٢ | ٦٥,٥٩ | | | | |
| قەرزی درێژخایەن بۆ پرۆژەی بچوک زیاتر بکرێت | ٣ | ٨ | ١٤ | ١١٠ | ١٧٦ | ٤,٤٤ | ٠,٧٨ | ٨٨,٨١ | زۆر هاوڕام |
| | ٠,٩٦ | ٢,٥٧ | ٤,٥٠ | ٣٥,٣٧ | ٥٦,٥٩ | | | | |
| گرنگی بدرێت بە کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی | ٣ | ٢ | ١٢ | ١٠٦ | ١٨٨ | ٤,٥٢ | ٠,٦٩ | ٩٠,٤٨ | زۆر هاوڕام |
| | ٠,٩٦ | ٠,٦٤ | ٣,٨٦ | ٣٤,٠٨ | ٦٠,٤٥ | | | | |
| هانی پرۆژەی بچوک بدرێت لەدەرەوەی | ١ | ٦ | ١٢ | ١٠٨ | ١٨٤ | ٤,٥٠ | ٠,٧٠ | ٩٠,١٠ | زۆر هاوڕام |
| | ٠,٣٢ | ١,٩٣ | ٣,٨٦ | ٣٤,٧٣ | ٥٩,١٦ | | | | |
| هانی بەکلتورکردنی کاری سەربەخۆ بدرێت لە قۆناغی ئامادەیی و زانکۆ | ٤ | ٧ | ١٤ | ١٠٥ | ١٨١ | ٤,٤٥ | ٠,٧٩ | ٨٩,٠٧ | زۆر هاوڕام |
| | ١,٢٩ | ٢,٢٥ | ٤,٥٠ | ٣٣,٧٦ | ٥٨,٢٠ | | | | |
| کۆمپانیاکان ناچاربکرێن بە دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان لەبری دەستی کاری بیانی | ٢ | ٨ | ٦ | ٧٢ | ٢٢٣ | ٤,٦٣ | ٠,٧١ | ٩٢,٥٤ | زۆر هاوڕام |
| | ٠,٦٤ | ٢,٥٧ | ١,٩٣ | ٢٣,١٥ | ٧١,٧٠ | | | | |
| کۆمپانیاکان قەرزی زیاتر بدەن وەک هاوکاری بۆ پرۆژەی بچوک | ٣ | ٢ | ٢٠ | ١١٥ | ١٧١ | ٤,٤٤ | ٠,٧٣ | ٨٨,٨٧ | زۆر هاوڕام |
| | ٠,٩٦ | ٠,٦٤ | ٦,٤٣ | ٣٦,٩٨ | ٥٤,٩٨ | | | | |
| کارکردن لەسەر گۆڕینی تێڕوانین بۆ ژن | ٤ | ١٢ | ١٩ | ١١٦ | ١٦٠ | ٤,٣٤ | ٠,٨٦ | ٨٦,٧٥ | زۆر هاوڕام |
| | ١,٢٩ | ٣,٨٦ | ٦,١١ | ٣٧,٣٠ | ٥١,٤٥ | | | | |
| بەهێزکردنی توانای مێینە | ٦ | ٣ | ٩ | ٩٥ | ١٩٨ | ٤,٥٣ | ٠,٧٧ | ٩٠,٦١ | زۆر هاوڕام |
| | ١,٩٣ | ٠,٩٦ | ٢,٨٩ | ٣٠,٥٥ | ٦٣,٦٧ | | | | |
| کارکردن بۆ هۆشیار کردنەوەی مێینە لە ڕووی مافە یاساییەکان و داراییەکانی | ١ | ٦ | ١٣ | ١١١ | ١٨٠ | ٤,٤٩ | ٠,٧٠ | ٨٩,٧٧ | زۆر هاوڕام |
| | ٠,٣٢ | ١,٩٣ | ٤,١٨ | ٣٥,٦٩ | ٥٧,٨٨ | | | | |
| توندکردنەوەی سزاکان سەبارەت بە گێچەڵپێکردن بە مێینە لەشوێنی کار | ٣ | ٣ | ٥ | ٦٩ | ٢٣١ | ٤,٦٨ | ٠,٦٥ | ٩٣,٥٧ | زۆر هاوڕام |
| | ٠,٩٦ | ٠,٩٦ | ١,٦١ | ٢٢,١٩ | ٧٤,٢٨ | | | | |
| زانیاریت هەیە سەبارەت بە هێڵی | ٢٧ | ٤٥ | ١٥٧ | ٤٤ | ٣٨ | ٣,٠٧ | ١,٠٦ | ٦١,٣٥ | تاڕادەیەک |
| گەرمی (000) و سوودت لێ وەرگرتووە | ٨,٦٨ | ١٤,٤٧ | ٥٠,٤٨ | ١٤,١٥ | ١٢,٢٢ | | | | |
| زیادکردنی ڕێژەی دامەزراندنی ژنان لە کەرتی ئەهلی و حکومی | ٦ | ١٦ | ٢٢ | ١٠٢ | ١٦٥ | ٤,٣٠ | ٠,٩٥ | ٨٥,٩٨ | زۆر هاوڕام |
| | ١,٩٣ | ٥,١٤ | ٧,٠٧ | ٣٢,٨٠ | ٥٣,٠٥ | | | | |
| فراوانکردنی دەرفەتی کارکردنی ژنان لە کۆی بوارەکانی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی پلانی کۆتا | ٤ | ٨ | ٣٥ | ١٢١ | ١٤٣ | ٤,٢٦ | ٠,٨٥ | ٨٥,١٤ | زۆر هاوڕام |
| | ١,٢٩ | ٢,٥٧ | ١١,٢٥ | ٣٨,٩١ | ٤٥,٩٨ | | | | |
| دانانی سندوقی تایبەت بە بیمەی بێکاری بۆ ژنانی بێکار | ٥ | ٤ | ٢٠ | ٨٨ | ١٩٣ | ٤,٤٨ | ٠,٨١ | ٨٩,٦٨ | زۆر هاوڕام |
| | ١,٦١ | ١,٢٩ | ٦,٤٥ | ٢٨,٣٩ | ٦٢,٢٦ | | | | |
| **کۆی گشتی** | ١٢٥ | ٢٥٢ | ٤٩١ | ٢٠٣٣ | ٣٣١٨ | ٤,٣١ | ٠,٨٣ | ٨٦,٢٧ | زۆر هاوڕام |
| | ٢,٠١ | ٤,٠٥ | ٧,٩٠ | ٣٢,٦٩ | ٥٣,٣٥ | | | | |

ئەنجامە ئامارییەکانی خشتەی (٩) باس لە میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی بێکاری لای مێینە دەکات بە شێوەیەکی گشتی، کە ئەمەش گوزارشت لە دیدگا و پێشنیازەکانی نمونەی توێژینەوەکە دەکات بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی بێکاری. بە پێی داتاکان، ئاستی گشتیی ڕەزامەندی لە سەر میکانیزمە پێشنیارکراوەکان لە ئاستی (زۆر هاوڕام) دایە. ڕێژەی وەڵامدانەوەی گشتی بۆ بژاردەی (زۆر هاوڕام) بەرزترین ڕێژەیە کە (٥٣،٣٥%) ی کۆی بەشداربووان پێکدەهێنێت ، پاشان بژاردەی (هاوڕام) دێت بە ڕێژەی (٣٢،٦٩%) ی کۆی بەشداربووان پێکدەهێنێت ، و بژاردەی (تاڕادەیەک) بە ڕێژەی (٧،٩٠%)ی کۆی گشتی وەڵامەکان پێکدەهێنن. لە بەرامبەردا، بژاردەکانی (هاوڕانیم) و (هەرگیز هاوڕانیم) نزمترین ڕێژەیان تۆمارکردووە کە بە ڕیزبەندی تەنها (٤،٠٥%) و (٢،٠١%) ی کۆی بەشداربووان پێکدەهێنێت.

سەبارەت بە ڕیزبەندی بڕگەکانی ئەم تەوەرەیە، بڕگەی (توندکردنەوەی سزاکان سەبارەت بە گێچەڵپێکردن بە مێینە لەشوێنی کار) لە پلەی یەکەمدا جێگیر بووە بە بەرزترین ناوەندی ژمارەیی کە (٤،٦٨)ە و گرنگی ڕێژەیی (٩٣،٥٧%)، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە دابینکردنی ژینگەیەکی ئارام و پارێزراو بۆ ژنان مەرجی سەرەکییە بۆ کارکردنیان. لە پلەی دووەمدا بڕگەی (کۆمپانیاکان ناچاربکرێن بە دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان لەبری دەستی کاری بیانی) دێت بە ناوەندی ژمارەیی (٤،٦٣)، و لە پلەی سێیەمدا (هانی دەرچوان بدرێت ببنە خاوەکاری خۆیان) جێگیر بووە بە ناوەندی ژمارەیی (٤،٥٦). لە بەرامبەردا، بڕگەی (زانیاریت هەیە سەبارەت بە هێڵی گەرمی 000) نزمترین ناوەندی تۆمارکردووە کە (٣،٠٧)ە و لە ئاستی (تاڕادەیەک) دایە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ لاوازیی ئاستی ناساندنی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییانە بە ژنان.

بە گشتی، ناوەندی ژمارەیی کۆتایی بۆ تەواوی ئەم تەوەرەیە بریتییە لە (٤،٣١) بە لادانی پێوانەیی (٠،٨٣) و گرنگی ڕێژەیی (٨٦،٢٧%). ئەم ئەنجامە بەهێزە ئەوە دەسەلمێنێت کە مێینەکان خاوەنی دیدگایەکی ڕوونن بۆ چارەسەر، کە خۆی لە (پاراستنی یاسایی، ڕێکخستنی بازاڕی کار، و پشتیوانی دارایی بۆ پڕۆژە بچووکەکان)دا دەبینێتەوە، و بڕوایەکی تەواویان بە پێویستی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سیستەمی دامەزراندن و خوێندنی پیشەییدا هەیە.

بەبۆچونی ئەندامانی فۆکەس گروپ پێویستە چەند میکانیزمێک بگیرێتە بەر بۆ چارەسەر کردنی بێکاری لای مێینە لەوانە:

**(هانا شوان / سەرۆکی ڕێکخراوی ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری ژنان): دەڵێت**

"دەبێت یاسای کار هەمواربکرێتەوە، بەتایبەتی گرنگیدان بە ناوەڕۆکی ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ کارمەندا واژۆدەکرێت لە شوێنی کاردا، لە ڕووی سیاسییەوە ژنان هەوڵ بدەن بچنە ناو هەموو جومگەکان و تووشی کۆت و بەندبوون نەبێت"

**بەڵام (بەناز قادر/ پشکنەر لەدەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران) دەڵێت**

"دەبێت حکومەت بە پلانەوە کار لەسەر ئەم بابەتە بکات. پێویستە شوێنی کارەکان ڕێگە بدەن بە هەموو کەسێک تاوەکو کاربکەن و خۆبەخشی هەبێت نەوەکو ڕێگریان لێبکرێت"

**(حسام بەرزنجی / سەرۆکی ڕێکخراوی کیدۆ)پێی وایە**
"بەداخەوە ئێستا حکومەت خۆی توانای نییە خەڵک دابمەزرێنێت، کەرتی تایبەتیش پوکاوەتەوە بەهۆی دەستی حزبەوە ( بەهۆی تێکەڵبوونی سەرمایە و دەسەڵات)، کێشەی نەبوونی قەرز، هەروەها کێشەیەکی دیکەی گەورە نەبوونی پاتێنتە ( مافی بیرۆکە )، بەگشتی بازاڕیش لاوازە. و حکومەت پێویستە کاربکات بۆ دروستکردنی بازاڕێکی ئازاد چونکە پاڵپشتی ناوخۆیی حکومەتمان نییە. هەروەها بە گشتی نرخی کارکردن پێویستە ئازاد بێت و وەزارەتی کار هەندێک سابتکردنی نرخی هەیە کە هەندێک شوێنی کار زەرەرری لێ دەکەن"

**بەڵام (شلیر عبدالرحمن/ ژنە بازرگان لە گەرمیان): دەڵێت**
"من پێم وایە گەنجی ئێمە خۆیان کارناکەن، واتا تەمبەڵن، هەر لە منداڵییەوە دایکان دڵیان نایەت منداڵەکانیان فێری کار و بەرپرسیارەتی بکەن. بۆ نموونە کۆمەڵێک کرێکارم هەبوو لە شوێنێک بەڵام ئەیان وت بە نیوەڕۆ دەست بکەین بە کارکردن، چونکە شەو درەنگ دەخەوتن"

**ئەحمەد محمد حەسەن- جێگری بەڕێوەبەری ڕاهێنان و پیشەیی سلێمانی: دەڵێت**
"پێم وایە حکومەت دەبێت ڕاهێنانی پیشەیی زیادبکات، دەستبکات بە پێدانی قەرزی بچووک، هەروەها هەماهەنگی بکات لەگەڵ ژووری بازرگانی بۆ ئەوەی بازاڕی کار دروست بکات بۆ ژنان و کچان"

**لەلایەکی دیکە خێڵان جەبار رەسوڵ- سەرپەرشتیاری پرۆژەی ژنان لە ڕێکخراوی سی دی ئۆ: پێی وایە**
"پێویستە ئەو یاسایانەی پەیوەندیدارن بە مۆڵەتی دایکایەتی هەمواربکرێنەوە و باشتربکرێن. چونکە زۆر جار دایکەکان ناوێرن ماوەیەکی زۆر کار بکەن بە ئیجازە لە ترسی ئەوەی شوێنەکانیان لەدەست نەدەن، لە کاتێکدا لە ئەهلی زۆر لەوە خراپترە"

**بەڵام (زریان حمە امین / کارمەند لە ژووری بازرگانی لە سلێمانی) دەڵێت**
"بە پێچەوانەوە پێمان وایە ئێستا گەنجەکانمان زۆر زیرەک و لێهاتوون و خاوەنی بیرۆکەی کاری خۆیانن، هەروەها وەکو ژووری بازرگانی هەمیشە هەوڵمانداوە هەر کۆمپانیایەک پێویستی بە دەستی کار بێت زوو بۆیان دابین کەین لە ڕێگەی ئەو گەنج و کچانەی کە بێ کارن و کاریان دەست ناکەوێت"

هەرچی سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە چۆن کار لەسەر ڕووبەڕووبونەوەی ئەم کێشەیە دەکەن ، زۆربەی ئەندامانی فۆکەس گروپەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە "ڕێکخراوەکان ڕۆڵیکی خراپ دەبینن بەو پێیەی وەک پێویست گوێیان لێناگیرێت بۆ نمونە یەکێک لە ئەندامەکان پێی وایە "بەداخەوە هەندێکجار ڕێکخراوەکان ڕۆڵێکی خراپ دەبینن، یان هەندێک کەس نوێنەرایەتی ژنان دەکەن کە خۆیان کەسیکی زۆر خراپ و نەشارەزان لە بوارەکە و ناوبانگی باشیان نییە، بەمەش لە جیاتی هاوکاری زۆرجار هۆکار بووە بۆ تێکدانی خێزانەکان. پێشم وایە ڕێکخراوەکان جگە لە هۆشیاری هیچ شتێکی دیکەیان پێ ناکرێت"

**لەلایەکی دیکە خێڵان جەبار رەسوڵ- سەرپەرشتیاری پرۆژەی ژنان لە ڕێکخراوی سی دی ئۆ:**
"لە ئێستادا وەکو جاران ڕێکخراوەکان ئەکتیف نین بەهۆی کەمبوونەوەی فەندەکان، هەروەها بەشێک لە ڕێکخراوەکان دژایەتی یەکدی دەکەن، بەڵام پێم وایە بە گشتی کارکردن لەسەر هەموارکردنی یاساکان بە هەماهەنگی حکومەت باشترین شتە"

**هەروەها (حسام بەرزنجی / سەرۆکی ڕێکخراوی کیدۆ):دەڵێت**
"من پێم وایە بەداخەوە ڕێکخراوەکان وەکو پێویست گوێیان لێ ناگیرێت"

هەرچی پەیوەندیدارە بە ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لەچارەسەری ئەم کێشەیە زۆربەی ئەندامانی فۆکەس گروپەکە جەخت لەسەر ئەوەدەکەن کە پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەم کارانە ئەنجامبدەن بۆ چارەسەری بێکاری لەوانە :" کردنەوەی خوول و وۆرکشۆپ ،زیاتر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری، هەروەها دیاریکردنی ڕێژەی بەشداریکردنی ژنان بە گوێرەی جۆری کارەکان لە لایەن حکومەتەوە و لە ڕووی یاساییەوە زەمینەیان بۆ سازبکرێت، پێم وایە پێویستە خانمان پاڵپشتی دارای بکرێن، بەڵام زیاتر تەرکیز بخرێتە سەر گوندەکان"

هەروەها ئەندامانی فۆکەس گروپەکە جەخت لەسەر گرنگی ڕۆڵی حکومەت دەکەن لەڕووی"دانانی یاسایەکی تۆکمە بۆ پاڵپشتیکردنی ژنان و ڕاگەیاندکارەکانیش کار لەسەر ئەوە بکەن ژنان بەشداری زیاتریان هەبێت" وەک ئەوەی (هانا شوان / سەرۆکی ڕێکخراوی ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری ژنان) ئاماژەی پێدەکات.

**هەر سەبارەت بە ڕۆڵی یاسا وەک ئەوەی (بەناز قادر/ پشکنەر لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران):ئاماژەی پێدەکات**
"هەڵەی یاسایی هەیە لە یاسای دایکایەتی، پێیوستە مووچەی ئەو کارمەندانەی مۆڵەتی دایکایەتییان هەیە لە لایەن دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە بێت نەوەکو وەزارەتی دارایی، هەروەها لە زانکۆ و پەیمانگاکانیش مافەکان ژنان زیاتر ڕوونبکرێنەوە و ئاشنابکرێت"

**(زریان حمە امین / کارمەند لە ژووری بازرگانی سلێمانی):**
دەڵێت "وەکو ژووری بازرگانی ئاگاداری ڕاگەیاندنەکانمان کردۆتەوە کە زیاتر تەرکیز بخەنە سەر ژنان و بیانخەنە پێش چاو، هەروەها داوامانکردوە گۆڕانکاری بکرێت لە مەنهەجی خوێندندا و شوێنی ئەو بابەتانەی تێدا بکرێتەوە کە کەسانی لێهاتوو دروست دەکەن"

**هەروەها (حسام بەرزنجی/ سەرۆکی ڕێکخراوی کیدۆ):دەڵێت**
"پێویستە پێداچوونەوە بە پرۆژە و کارەکانی ڕابردوودا بکرێت و سوودیان لێ ببینرێت و ڕۆشنایی بخرێتە سەر خاڵە بەهێز و لاوازەکان تاوەکو ئەزموونیان لێ وەربگیرێت. پێویستە دیراسە بکرێت لەسەر جۆری کارەکان و نسبەی بەشداریکردنی ژنان، هەروەها یەکێکی دیکە لە هەڵەکان ئەوەیە کە هەمیشە کەرتی پەروەردە بە گشتی کاردەکات لەسەر ئامادەکردنی خوێندکار بۆ کەرتی گشتی، نەوەکو کەرتی تایبەت پیویستە لە زانکۆکان خوێندنی دەستپێشخەری فەراهەم بکرێت"

**(شاسۆ هێمن مجید / مامۆستا لە زانکۆی نێودەوڵەتی قەیوان) ڕایەکی جیاوازی هەیە ئەو دەڵێت**
"من بە پێچەوانەی زۆر کەسەوە پێم وایە زانکۆ ئیشی ئامادەکردنی مۆزەف نییە، بۆیە خەڵک لێرە بەهەڵە لە زانکۆ تێیگەیشتوە"

**ئەحمەد محمد حەسەن- جێگری بەڕێوەبەری ڕاهێنان و پیشەیی سلێمانی: دەڵێت**
"پێویستە کار لەسەر چیرۆکی سەرکەوتن بکرێت لە ڕاگەیاندنەکان، هەروەها کار لەسەر ڕێنمایی و یاساکان بکرێت"

**(عەدنان عثمان /سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن:دەڵێت**

"ئێستا سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لەم بابەتەدا، هەروەها عەقڵیەتی پیاوسالاری هۆکارێکی سەرەکییە. چەمکی شکاتکردن زۆر گرنگە لە بواری ڕاگەیاندنن، زۆرجار کچانێک کە لە ڕوانگەی سەیرکردنی پیاوەوە جوانن دادەنرێن"

**هەروەها (ئامانج کاکە ڕەش بەڕێوەبەری پرۆژەکان لە دامەزراوەی ڤیژن دەڵێت**

"پێویستە کچان لە تەمەنی منداڵییەوە جیانەکرێننەوە فێری جێندەر باڵانس بکرێن و هەروەها فێری شکاتکردن بکرێن لەئەگەری ڕوودانی هەر ڕووداوێک، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە شەرم کوشتویەتی"

ئەوەی پەیوەندیدارە بە میکانیزمی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم کێشەیە بەپیی ئەوەی لێتوێژراوان و ئەندامانی فۆکەس گروپەکە جەختیان لەسەر کردەوە ئەرکی حکومەتە لە ڕێگەی داڕشتنەوەی یاسای کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی مافی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان فەراهەم بکات ، هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاربکەن بۆ تواناسازی کردنی کچانی گەنجی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان، زانکۆ کاربکەن بۆ گۆڕینی سیستەمی خوێندن بەجۆرێک کە فێرخواز ئامادە بکرێت بۆ کاری سەربەخۆ نەک تەنها فەرمانبەر لەکەرتی حکومی.

**خشتەی (١٠) کۆی گشتی بڕگەکان تایبەت بێکاری لای مێینە**

| بڕگە | نزم | | مامناوەند | | بەرز | | کۆی گشتی | ناوەندەی خاڵەکانی % | لادانی پێوانەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | Total | Mean score % | S.D |
| هۆکاری خودی | ١١ | ٣,٥٤ | ١٧٥ | ٥٦,٢٧ | ٢٥ | ٤٠,١٩ | ٣١١ | ٥٤,٥ | ١٤,٦٤ |
| هۆکاری کۆمەڵگەیی | ٢٧ | ٨,٦٨ | ١٥٣ | ٤٩,٢٠ | ١٣١ | ٤٢,١٢ | ٣١١ | ٧٠,٠٦ | ١٤,٠٣ |
| شوێنەوارەکان | ١١٢ | ٣٦,٠١ | ١٥٨ | ٥٠,٨٠ | ٤١ | ١٣,١٨ | ٣١١ | ٥٥,٩٦ | ١٦,٨١ |
| میکانیزمی ڕوبەڕوبونەوە | ١ | ٠,٣٢ | ٢٦ | ٨,٣٦ | ٢٨٤ | ٩١,٣٢ | ٣١١ | ٨٦,٢٥ | ٩,٣٦ |

ئەنجامە ئامارییەکانی خشتەی (١٠) ڕوونی دەکاتەوە ئاستی کۆی گشتی بڕگەکان تایبەت بە بێکاری لای مێینە، کە نمرەی گشتی و پەسندکردن بە پێی خاڵی BLOOM دەدەن. ئاستی نمرەکان لە هەموو بوارەکاندا بە پێی خاڵی بنچینەیی BLOOM وەک خوارەوە پەسەندکراون، کە بە خاڵی گۆڕاو (MODIFIED BLOOM'S CUT-OFF POINTS) ئاماژەیان پێکردووە: (بەرز: ٧٥% – ١٠٠%، مامناوەند: ٥٠% – ٧٤%، نزم: کەمتر لە ٥٠%) لە نمرەی گشتی.

بە پێی داتاکانی خشتەکە، تەوەرەی (میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوە) لە پلەی یەکەمدا دێت و ئاستی (بەرز)ی تۆمارکردووە بە ناوەندی خاڵەکانی (٨٦،٢٥%)، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە زۆرینەی هەرە زۆری بەشداربووان، کە ڕێژەیان (٩١،٣٢%)ە، هاوڕایەکی بەهێزیان لە سەر میکانیزمەکانی چارەسەر هەیە. لە پلەی دووەمدا تەوەرەی (هۆکاری کۆمەڵگەیی) جێگیر بووە کە لە ئاستی (مامناوەند) دایە بە ناوەندی خاڵەکانی (٧٠،٠٦%)، و زۆرینەی بەشداربووان واتا (٤٩،٢٠%)یان لە چوارچێوەی ئاستی مامناوەندیدا وەڵامیان داوەتەوە.

سەبارەت بە تەوەرەی (شوێنەوارەکان)، ناوەندی خاڵەکانی بریتییە لە (٥٥،٩٦%)، کە دەچێتە خانەی ئاستی (مامناوەند)، و تێبینی دەکرێت کە (٥٠،٨٠%)ی نمونەکە لەم ئاستەدا وەڵامیان داوەتەوە. لە کۆتاییدا، تەوەرەی (هۆکاری خودی) نزمترین ناوەندی خاڵەکانی تۆمارکردووە کە (٥٤،٥%)ە و هەر لە ئاستی (مامناوەند)دا پۆلێن دەکرێت.

### خشتەی (١١) ڕووی پەیوەندی نێوان ئاستی (هۆکاری کۆمەڵگەیی) و (هۆکاری خودی)

| هۆکاری کۆمەڵگەیی | هۆکاری خودی | | | | | | کۆی گشتی | | تاقی کردنەوەی کایی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نزم | | مامناوەند | | بەرز | | | | | |
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | Chi-square test | p-value |
| نزم | ٢٦ | ٨,٤ | ١ | ٠,٣ | ٠ | ٠,٠ | ٢٧ | ٨,٧ | ١١٠,٦٥٢ | ٠,٠٠٠ |
| مامناوەند | ٧٢ | ٢٣,٢ | ٨١ | ٢٦,٠ | ٠ | ٠,٠ | ١٥٣ | ٤٩,٢ | | |
| بەرز | ١٣ | ٤,٢ | ٩٣ | ٢٩,٩ | ٢٥ | ٨,٠ | ١٣١ | ٤٢,١ | | |
| کۆی گشتی | ١١١ | ٣٥,٧ | ١٧٥ | ٥٦,٣ | ٢٥ | ٨,٠ | ٣١١ | ١٠٠ | | |

ئەنجامە ئامارییەکانی خشتەی (١١) ڕوونی دەکاتەوە پەیوەندی نێوان ئاستی (هۆکاری کۆمەڵگەیی) و (هۆکاری خودی) لای مێینە، کە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی کایی دووجا CHI-SQUARE TEST)) ئەنجام دراوە بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی پەیوەندی و جیاوازییەکان.

بەپێی داتاکانی خشتەکە، بەهای کایی دووجا گەیشتووەتە (١١٠،٦٥٢) و ئاستی بەڵگەداری P-VALUE)) بریتییە لە (٠،٠٠٠). لەبەر ئەوەی ئەم بەهایە بچووکترە لە ئاستی متمانەی دیاریکراو (٠،٠٥)، ئەمە بەڵگەیەکی ئاماری بەهێزە بۆ بوونی پەیوەندییەکی "بەڵگەداری مەعنەوی" لە نێوان هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و تێڕوانینە خودییەکانی مێینە بۆ بێکاری.

لە وردەکاری داتاکاندا دەردەکەوێت کە زۆرینەی هەرە زۆری ئەو مێینانەی هۆکاری کۆمەڵگەییان لە ئاستی (بەرز) دایە، لە ڕووی خودیشەوە ئاستی (مامناوەند)یان تۆمارکردووە کە ڕێژەکەی دەکاتە (٢٩،٩%)ی کۆی گشتی نمونەکە. لە بەرامبەردا، ئەو کەسانەی لە هەردوو لایەنی خودی و کۆمەڵگەییدا لە ئاستی (نزم) دان، تەنها ڕێژەی (٨،٤%) پێکدەهێنن. ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کاتێک فشار و بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان زیاد دەکەن، کاریگەری ڕاستەوخۆیان دەبێت لە سەر دروستکردنی هۆکارە خودییەکان (وەک کەمبوونەوەی متمانە یان گۆڕانی حەز و ئارەزووەکان).

### خشتەی (١٢)پەیوەندی نێوان ئاستی (شوێنەوارەکان) و (هۆکاری خودی)

| شوێنەوارەکان | هۆکاری خودی | | | | | | کۆی گشتی | | تاقی کردنەوەی کایی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نزم | | مامناوەند | | بەرز | | | | | |
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | Chi-square test | p-value |
| نزم | ٦٩ | ٢٢,٢ | ٤٣ | ١٣,٨ | ٠ | ٠,٠ | ١١٢ | ٣٦,٠ | ٨٢,٨٢٥ | ٠,٠٠٠ |
| مامناوەند | ٣٥ | ١١,٣ | ١١١ | ٣٥,٧ | ١٢ | ٣,٩ | ١٥٨ | ٥٠,٨ | | |
| بەرز | ٧ | ٢,٣ | ٢١ | ٦,٨ | ١٣ | ٤,٢ | ٤١ | ١٣,٢ | | |
| کۆی گشتی | ١١١ | ٣٥,٧ | ١٧٥ | ٥٦,٣ | ٢٥ | ٨,٠ | ٣١١ | ١٠٠ | | |

ئەنجامە ئامارییەکانی خشتەی (١٢) ڕوونی دەکاتەوە پەیوەندی نێوان ئاستی (شوێنەوارەکان) و (هۆکاری خودی) لای مێینەی بێکار، کە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی کایی دووجا CHI-SQUARE TEST)) ئەنجام دراوە بۆ دیاریکردنی سروشتی پەیوەندی نێوان ئەو دوو گۆڕاوە.

بەپێی داتاکانی ناو خشتەکە، بەهای کایی دووجا گەیشتووەتە (٨٢،٨٢٥) و ئاستی بەڵگەداری P-VALUE)) بریتییە لە (٠،٠٠٠). لەبەر ئەوەی ئەم بەهایە بچووکترە لە ئاستی متمانەی دیاریکراو (٠،٠٥)، ئەمە دەیسەلمێنێت، کە پەیوەندییەکی ئاماری بەڵگەداری "زۆر بەهێز" بوونی هەیە لە نێوان هۆکارە خودییەکان و ئەو شوێنەوارانەی بێکاری لەسەر مێینە دروستی دەکات.

لە وردەکاری داتاکاندا دەردەکەوێت کە زۆرینەی ئەو مێینانەی لە ڕووی خودییەوە لە ئاستی (مامناوەند) دان، لە ڕووی شوێنەوارەکانی بێکاریشەوە هەر لە ئاستی (مامناوەند)دا جێگیر بوون کە ڕێژەی (٣٥،٧%)ی کۆی گشتی نمونەکە پێکدەهێنن. هەروەها، تێبینی دەکرێت ئەو مێینانەی بێکاری لە ڕووی خودییەوە کاریگەرییەکی (نزم)ی لەسەریان هەبووە، لە ڕووی شوێنەوارەکانیشەوە زۆربەیان لە ئاستی (نزم)دا ماونەتەوە بە ڕێژەی (٢٢،٢%). ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەتا هۆکارە خودییەکانی بێکاری (وەک متمانە بەخۆبوون و ئامادەیی دەروونی) بەهێزتر بن، شوێنەوارە نەرێنییەکانی بێکاری کەمتر دەبن.

### خشتەی (١٣)پەیوەندی نێوان ئاستی (شوێنەوارەکان) و (هۆکاری کۆمەڵگەیی)

| شوێنەوارەکان | هۆکاری کۆمەڵگەیی | | | | | | کۆی گشتی | | تاقی کردنەوەی کایی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نزم | | مامناوەند | | بەرز | | | | | |
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | Chi-square test | p-value |
| نزم | ٢٠ | ٦,٤ | ٦٤ | ٢٠,٦ | ٢٨ | ٩,٠ | ١١٢ | ٣٦,٠ | ٥٤,٥٢٩ | ٠,٠٠٠ |
| مامناوەند | ٥ | ١,٦ | ٨٤ | ٢٧,٠ | ٦٩ | ٢٢,٢ | ١٥٨ | ٥٠,٨ | | |
| بەرز | ٢ | ٠,٦ | ٥ | ١,٦ | ٣٤ | ١٠,٩ | ٤١ | ١٣,٢ | | |
| کۆی گشتی | ٢٧ | ٨,٧ | ١٥٣ | ٤٩,٢ | ١٣١ | ٤٢,١ | ٣١١ | ١٠٠ | | |

ئەنجامە ئامارییەکانی خشتەی (١٣) ڕوونی دەکاتەوە پەیوەندی نێوان ئاستی (شوێنەوارەکان) و (هۆکاری کۆمەڵگەیی) لای مێینەی بێکار، کە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی کایی دووجا CHI-SQUARE TEST)) ئەنجام دراوە بۆ دیاریکردنی کاریگەریی ژینگەی دەرەکی لەسەر ئەنجامەکانی بێکاری.

بەپێی داتاکانی ناو خشتەکە، بەهای کایی دووجا گەیشتووەتە (٥٤،٥٢٩) و ئاستی بەڵگەداری P-VALUE)) بریتییە لە (٠،٠٠٠). لەبەر ئەوەی ئەم بەهایە بچووکترە لە ئاستی متمانەی زانستی (٠،٠٥)، ئەمە دەیسەلمێنێت کە پەیوەندییەکی ئاماری بەڵگەدار و ڕاستەوانە لە نێوان هۆکارە کۆمەڵگەیییەکان و ئەو شوێنەوارانەی بێکاری لەسەر مێینە دروستی دەکات، بوونی هەیە.

لە وردەکاری داتاکاندا دەردەکەوێت کە ئەو مێینانەی لە ڕووی کۆمەڵگەیییەوە لە ئاستی (بەرز) دان، زۆرینەیان واتە (٢٢،٢%)یان شوێنەوارەکانی بێکارییان لە ئاستی مامناوەنددایە و (١٠،٩%)یشیان لە ئاستی بەرزدایە. تەنها (٠،٦%) لەو مێینانەی لە ئاستی بەرزی هۆکاری کۆمەڵگەییدان توانیویانە شوێنەوارەکان بە نزمی بهێڵنەوە. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەتا فشار و بەربەستە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان (وەک نەبوونی پلان و جیاکاری) زیاتر بن، شوێنەوارە نەرێنییەکانی بێکاری (وەک بێزاری و لەدەستدانی ئاسایشی دەروونی) قووڵتر دەبنەوە.

### ٣-٥. پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوە

**خشتەی (١٤)پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو**

| | | هۆکاری خودی | هۆکاری کۆمەڵگەیی | شوێنەوارەکان | میکانیزمی ڕووبەڕووبونەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| هۆکاری خودی | پەیوەندی (الارتباط) | ١ | **٠,٦٧٨ | **٠,٤٩٠ | ٠,٠٠٦ |
| | ئاستی بەڵگەداری | . | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٩٢٢ |
| هۆکاری کۆمەڵگەیی | پەیوەندی (الارتباط) | **٠,٦٧٨ | ١ | **٠,٥٢٠ | **٠,٢٢٤ |
| | ئاستی بەڵگەداری | ٠,٠٠٠ | . | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ |
| شوێنەوارەکان | پەیوەندی (الارتباط) | **٠,٤٩٠ | **٠,٥٢٠ | ١ | ٠,٠٨٧ |
| | ئاستی بەڵگەداری | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | . | ٠,١٢٥ |
| میکانیزمی ڕووبەڕووبونەوە | پەیوەندی (الارتباط) | ٠,٠٠٦ | **٠,٢٢٤ | ٠,٠٨٧ | ١ |
| | ئاستی بەڵگەداری | ٠,٩٢٢ | ٠,٠٠٠ | ٠,١٢٥ | . |

**. Correlation is significant at the ٠,٠١ level (٢-tailed).

ئەنجامە ئامارییەکانی خشتەی (١٤) ڕوونی دەکاتەوە پەیوەندی هاوپەیوەندی CORRELATION)) لە نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پیرسۆن SPERMAN RANK CORRELATION)). دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکی ئاماری ئەرێنی و بەڵگەدار SIGNIFICANT)) هەیە لە نێوان (هۆکاری خودی) و (هۆکاری کۆمەڵگەیی) کە بەهاکەی گەیشتووەتە (٠،٦٧٨)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز لە نێوان ئەم دوو گۆڕاوەدا هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥). هەروەها، پەیوەندییەکی بەڵگەداری مامناوەند هەیە لە نێوان (هۆکاری کۆمەڵگەیی) و (شوێنەوارەکان) کە بەهاکەی دەکاتە (٠،٥٢٠)،

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بە زیادبوونی کاریگەرییە کۆمەڵگەییەکان، شوێنەوارەکانی بێکاریش بە ئاراستەیەکی هاوشێوە زیاد دەکەن.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان (هۆکاری کۆمەڵگەیی) و (میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوە)، داتاکان دەریدەخەن، کە پەیوەندییەکی ئاماری بەڵگەدار هەیە بە بەهای (٠،٢٢٤)، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەرچەندە ئاستەکەی نزمە. لە لایەکی ترەوە، تێبینی دەکرێت کە پەیوەندی نێوان (هۆکاری خودی) و (میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوە) بەهایەکی زۆر نزمی تۆمارکردووە کە تەنها (٠،٠٠٦)ە و ئاستی بەڵگەدارییەکەی (٠،٩٢٢)ە، کە ئەمە گەورەترە لە (٠،٠٥)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ پەیوەندییەکی ئاماری بەڵگەدار لە نێوان ئەم دوو گۆڕاوەدا نییە. بەگشتی، زۆربەی پەیوەندییەکان ئاستی بەڵگەدارییان (P-VALUE) بچووکترە لە بەهای (٠،٠٥)، ئەمەش هێز و ڕاستی پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە دەسەلمێنێت، بەتایبەت لە نێوان هۆکارە خودی و کۆمەڵگەییەکان و شوێنەوارە دەروونی و جەستەییەکانی بێکاری لەسەر مێینە.

**خشتەی (١٥) ڕوونی دەکاتەوە بەراووردی زانیاری دیمۆگرافی ئاستی بێکاری لای مێینە لە ڕوانگەی هۆکاری خودی**

| ئاستی بەڵگەداری p-value | تافیکردنەوەی ف F-test | لادانی پێوانەی S.D | ناوەندی ژمارەیی Mean | زانیاری دیمۆگرافی | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٠,٩٢٨ | ٠,١٥٢ | ٠,٦٠٩ | ٢,٨١٨ | ١٨-٢١ | تەمە (ساڵ) |
| | | ٠,٧٣٣ | ٢,٧٤٤ | ٢٢-٢٥ | |
| | | ٠,٧٠٩ | ٢,٦٨٩ | ٢٦-٢٩ | |
| | | ٠,٧٦١ | ٢,٧٢٤ | ٣٠-بەرەوژوور | |
| ٠,١٧٦ | ١,٦٥٨ | ٠,٧١٤ | ٢,٨٢٦ | سەڵت | باری خێزانی |
| | | ٠,٧٥٣ | ٢,٦٤٦ | خێزاندار | |
| | | ٠,٤٢٤ | ٢,٥٦٥ | جیابووەوە | |
| | | ٠,١٥٧ | ٢,٨٨٩ | هاوسەر کۆچکردوو | |
| ٠,٥٧١ | ٠,٧٣٢ | ٠,٧٥٤ | ٢,٨٢١ | دبلۆم | ئاستی خوێندەواری |
| | | ٠,٧١٤ | ٢,٦٨ | بەکالۆریۆس | |
| | | ٠,٦٧٣ | ٢,٧٦٧ | دبلۆمی باڵا | |
| | | ٠,٨٨٢ | ٢,٦٠٧ | ماستەر | |
| | | ٠,٢٧٥ | ٢,٥٨٣ | دکتۆرا | |
| ٠,٣٢٤ | ١,١٣ | ٠,٧٢٦ | ٢,٧١٨ | شار | شوێنی نیشتەجێبوون |
| | | ٠,٧٧٦ | ٢,٨٠٣ | شارۆچکە | |
| | | ٠,٣٤١ | ٢,٢٥ | لادێ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (١٥) نیشان دەدەن کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەڵگەدار لە نێوان گرووپە دیمۆگرافییەکاندا نییە لە سەر ئاستی بێکاری لە ڕوانگەی هۆکاری خودی، چونکە هەموو بەهای (P-VALUE) زیاترە لە (٠،٠٥). بۆ نموونە، تەمەن (P=٠،٩٢٨)، باری خێزانی (P=٠،١٧٦)، ئاستی خوێندەواری (P=٠،٥٧١) و شوێنی نیشتەجێبوون. (P=٠،٣٢٤)ئەمە ئاماژەیە بەوەی ئەم گۆڕاوە دیمۆگرافیانە کاریگەری بەڵگەداریان نییە لەسەر ئەم ڕوانگەیە.

## خشتەی (١٦) روونی دەکاتەوە بەراووردی زانیاری دیمۆگرافی ئاستی بێکاری لای مێینە لە ڕوانگەی هۆکاری کۆمەڵگەیی

| زانیاری دیمۆگرافی | | ناوەندی ژمارەیی<br>Mean | لادانی پێوانەی<br>S.D | تافیکردنەوەی ف<br>F-test | ئاستی بەڵگەداری<br>p-value |
|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن(ساڵ) | ١٨-٢١ | ٣,٣٨٨ | ٠,٧٨٧ | ٠,٨٣٧ | ٠,٤٧٤ |
| | ٢٢-٢٥ | ٣,٥١١ | ٠,٦٧٩ | | |
| | ٢٦-٢٩ | ٣,٤١٢ | ٠,٧٤٩ | | |
| | ٣٠-بەرەوژوور | ٣,٥٦ | ٠,٦٨١ | | |
| باری خێزانی | سەڵت | ٣,٥٥٨ | ٠,٦٥٤ | ١,٠٩٨ | ٠,٣٥ |
| | خێزاندار | ٣,٤٦٢ | ٠,٧٤٣ | | |
| | جیابووەوە | ٣,٢١٩ | ٠,٤٨٤ | | |
| | هاوسەر کۆچکردوو | ٣,٩٦٩ | ٠,٥٧٥ | | |
| ئاستی خوێندەواری | دبلۆم | ٣,٥٣١ | ٠,٧٢٥ | ٠,١٧٢ | ٠,٩٥٣ |
| | بەکالۆریۆس | ٣,٤٩٤ | ٠,٦٩ | | |
| | دبلۆمی باڵا | ٣,٥٧٥ | ٠,٤٤٩ | | |
| | ماستەر | ٣,٣٨٥ | ٠,٨٤٤ | | |
| | دکتۆرا | ٣,٣٤٤ | ٠,٤٨٦ | | |
| شوێنی نیشتەجێبوون | شار | ٣,٥٣ | ٠,٦٨٣ | ٢,١٥٦ | ٠,١١٧ |
| | شارۆچکە | ٣,٤١١ | ٠,٧٧٢ | | |
| | لادێ | ٢,٨٩١ | ٠,٨٠١ | | |

بەپێی خشتەی (١٦)، هەمان ڕەوش دەبینرێت، کە هیچ گۆڕاوێکی دیمۆگرافی کاریگەری بەڵگەداری نییە لەسەر ئاستی بێکاری لە ڕوانگەی هۆکاری کۆمەڵایەتی، چونکە هەموو بەهای (P-VALUE) زیاترە لە ٠،٠٥، وەک تەمەن (P٠،٤٧٤=)، باری خێزانی (P٠،٣٥٠=)، ئاستی خوێندەواری (P٠،٩٥٣=)و شوێنی نیشتەجێبوون . (P٠،١١٧=)بەمەش دەردەکەوێت کە جیاوازییەکان بە شێوەی ڕێککەوتنەوەیی بوون و بەڵگەداریان نییە.

## خشتەی (١٧) ڕوونی دەکاتەوە بەراووردی زانیاری دیمۆگرافی ئاستی بێکاری لای مێینە لە ڕوانگەی شوێنەوارەکان

| زانیاری دیمۆگرافی | | ناوەندی ژمارەیی Mean | لادانی پێوانەی S.D | تافیکردنەوەی ف F-test | ئاستی بەڵگەداری p-value |
|---|---|---|---|---|---|
| تەمە (ساڵ) | ١٨-٢١ | ٢,٦٢٩ | ٠,٦٠٤ | ٠,٣٣٨ | ٠,٧٩٨ |
| | ٢٢-٢٥ | ٢,٧٦١ | ٠,٨٧ | | |
| | ٢٦-٢٩ | ٢,٨٠٥ | ٠,٧٩٢ | | |
| | ٣٠-بەرەوژوور | ٢,٨٣٦ | ٠,٨٧٢ | | |
| باری خێزانی | سەڵت | ٢,٩٣١ | ٠,٨٥٨ | ٢,٤٧٩ | ٠,٠٦١ |
| | خێزاندار | ٢,٦٩٢ | ٠,٨٢٩ | | |
| | جیابووەوە | ٢,٨٨٣ | ٠,٢٠٤ | | |
| | هاوسەر کۆچکردوو | ٢,١٥ | ٠,٢١٢ | | |
| ئاستی خوێندەواری | دبلۆم | ٢,٧٥٧ | ٠,٩٠٩ | ١,١١٤ | ٠,٣٥ |
| | بەکالۆریۆس | ٢,٧٨٨ | ٠,٧٩٥ | | |
| | دبلۆمی باڵا | ٢,٨ | ٠,٨٤٣ | | |
| | ماستەر | ٣,٢٩٢ | ٠,٩٢٢ | | |
| | دکتۆرا | ٢,٩ | ٠ | | |
| شوێنی نیشتەجێبوون | شار | ٢,٧٧٩ | ٠,٨٤٩ | ١,٨٣٦ | ٠,١٦١ |
| | شارۆچکە | ٢,٩٤٥ | ٠,٧٩٤ | | |
| | لادێ | ٢,٢ | ٠,٥٣٥ | | |

ئەنجامەکانی خشتەی (١٧) نیشان دەدەن کە هیچ کاریگەرییەکی بەڵگەدار نییە لەسەر ئاستی بێکاری لە ڕوانگەی شوێنەوارەکان، چونکە هەموو بەهای (P-VALUE) زیاترە لە (٠،٠٥)، وەک تەمەن (P٠،٧٩٨=)، ئاستی خوێندەواری (P٠،٣٥٠=) و شوێنی نیشتەجێبوون (P٠،٥٦١=) تەنها باری خێزانی (P٠،٠٦١=) نزیکە لە ئاستی بەڵگەداری، بەڵام هێشتا ناگاتە سنووری (٠،٠٥)، بەمەش بەڵگەداری نەبوونی دەسەلمێنرێت.

**خشتەی (١٨) رroونی دەکاتەوە بەراووردی زانیاری دیمۆگرافی ئاستی بێکاری لای مێینە لە میکانیزمی ڕوبەڕوبونەوە**

| زانیاری دیمۆگرافی | | ناوەندی ژمارەیی<br>Mean | لادانی پێوانەی<br>S.D | تافیکردنەوەی ف<br>F-test | ئاستی بەڵگەداری<br>p-value |
|---|---|---|---|---|---|
| تەمە (ساڵ) | ١٨-٢١ | ٤,٢٢٥ | ٠,٦٣٦ | ٠,٣١٦ | ٠,٨١٤ |
| | ٢٢-٢٥ | ٤,٢٩٥ | ٠,٤٤٧ | | |
| | ٢٦-٢٩ | ٤,٣١ | ٠,٤٦٤ | | |
| | ٣٠-بەرەوژوور | ٤,٣٣٦ | ٠,٤٦٨ | | |
| باری خێزانی | سەڵت | ٤,٢٨٨ | ٠,٤٣٦ | ٣,٩٧٨ | ٠,٠٠٨ |
| | خێزاندار | ٤,٣٥٨ | ٠,٤٧٤ | | |
| | جیابوەوە | ٣,٩ | ٠,٦٨٣ | | |
| | هاوسەر کۆچکردوو | ٣,٥٧٥ | ٠,٤٦ | | |
| ئاستی خوێندەواری | دبلۆم | ٤,٣٤٢ | ٠,٤٣١ | ٠,٥٤٨ | ٠,٧٠١ |
| | بەکالۆریۆس | ٤,٣٠٦ | ٠,٤٨٤ | | |
| | دبلۆمی باڵا | ٤,٠٥ | ٠,٥٧٣ | | |
| | ماستەر | ٤,٢٦٧ | ٠,٥٤٧ | | |
| | دکتۆرا | ٤,٤ | ٠,١٤١ | | |
| شوێنی نیشتەجێبوون | شار | ٤,٣٤٣ | ٠,٤٣٥ | ٣,٣٤٨ | ٠,٠٣٦ |
| | شارۆچکە | ٤,١٥٦ | ٠,٦٠٣ | | |
| | لادێ | ٤,٣٣٨ | ٠,٣٨٢ | | |

لە خشتەی (١٨)دا، هەندێک جیاوازی بەڵگەدار دیارە لە کاتێکدا کە گۆڕاوی کە پەیوەستە بە میکانیزمی ڕوبەڕوبونەوە بەراورد دەکرێت لەگەڵ زانیاری دیمۆگرافی. باری خێزانی(P=٠،٠٠٨) و شوێنی نیشتەجێبوون (P=٠،٠٣٦)کەمترن لە (٠،٠٥)، کە ئەمە ئاماژەیە بە کاریگەرییەکی بەڵگەدار لەسەر میکانیزمی ڕوبەڕوبونەوە بەڵام تەمەن (P=٠،٨١٤)و ئاستی خوێندەواری (P=٠،٧٠١)بەڵگەدار نین. بۆیە، تەنها هەندێک گۆڕاو دەتوانن کاریگەری گرنگیان هەبێت لە سەر میکانیزمی ڕوبەڕوبونەوە.

## دەرئەنجامی توێژینەوەکە

**لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەی توێژەر بە کۆی لایەنی تیۆری و پراکتیکی پێی گەیشتوە بریتین لە**

١.مێینەبوون یەکێکیکە لە فاکتەرەکانی بێبەشبوونی کچانی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان لە پارێزگای سلێمانی بەوپێیەی، کە هۆکارە بایۆلۆژییە ژنانەکانی وەک دوگیانبوون و منداڵبون زۆرجار وادەکات خاوەنکار بڕیار بدات لە سەر بێبەریکردنیان لە کار و پیشە ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە جەستە وادەکات زۆرجار ترسی مانەوەیان لە شوێنی کار، جا بە هۆی جێگەی کارەکە بێت، یان بە هۆی ئەو کەسانە بێت، کە لەوێ کاردەکەن، یان بە هۆی مانەوە بێت تا درەنگانی شەو هۆکارێکی تری بێکاربوونیانە ئەمەش دوبارە پەیوەندی دارە بە جەستە ژنانەکەیان ، جگە لە تێروانینەکان بۆ دابەش بوونی کارەکان بە سەر ژن و پیاو بە درێژای مێژوو، کە تا ئێستا بەردەوامی هەیە و هەر وا تەماشا دەکرێت ژنان شوێنیان ناو ماڵە، کە هەموو ئەمانە نمونەی توێژینەوەکە و تەنانەت ئەندامانی فۆکەس گروپەکەش جەختیان لە سەر کردۆتەوە.

٢.بۆچوونی لێتوێژراوان، کە مەبەست زیاتر لە کچانی دەرچوی زانکۆ و پەیمانگان لەگەڵ ئەندامانی فۆکەس گروپەکە جیاوازییەکی کەم بەدییدەکرا ئەندامانی فۆکەس گروپ زیاتر جەختیان لەوە دەکرد، کە پەروەردی خێزانی ڕۆڵی لە بێکاربونی مێینەکان هەبێت، بەو پێیەی لە کۆمەڵگەی کوردی بە کاریگەربوون بە ئایین و کلتور کور و کچ لە منداڵییەوە بە دوو شێوەی جیاواز دروست دەکرێن ئەم جیاوازیەش کاریگەری دەبێت لە سەر کەسێتیان، کە بۆ ئەم هەلومەرج و بارودۆخەی ئێستا ناگونجێت و شیاو نییە واتە بۆ ئەم سەردەمە، کە سەردەمی کرانەوە و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیایە ئاسان نییە بۆ کچێک، کە لە سەر بنەمای شەرم و بێدەسەڵاتی و پاشکۆیەتی پەروەردە کرابێت بتوانێت ئەسپی خۆی تاو بدات لە مەیدانی کارو پیشە بە تایبەت کە ئێستا دەرفەتەکان بۆ بوون بە خاوەنکار و پرۆژە زۆرترە بە تایبەت لە فەزای مەجازی و لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێ، بەڵام دەبینین هێشتا کاریگەری پەروەردە خێزانییەکان لە سەر کچانی گەنج دیارە کاتێک نەوێرێت لە ترسی لە دەستدانی حەیاو ناموسی خۆی و خێزانی لە سنوری ماڵ بچێتە دەرەوە یان تەکنەلۆجیا بەکاربهێنێت بۆ برەودان بە تواناکانی و کردنی کارێک، بەڵام لە هۆکارە کۆمەڵگەییەکان لێتوێژراوان زیاتر جەخت لە سەر بارودۆخی کۆمەڵگە دەکەن بەتایبەت لە ڕووی نەبوونی پلانی ستراتیجی نیشتیمانی تایبەت بە دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان ئەمەش لە زۆر ڕووەوە لەوانە نەبوونی پلانێک لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، چونکە تێبینی دەکرێت هەر لە خوێندنی ئامادەییەوە تا ئێستاش بە شێوە تەقلیدیە کۆنەکە دەخوێندرێت بەرنامەیەکی وەها نییە خوێندکار ئامادەبکات بۆ ئەوەی خۆی بناسێت و حەز و خولیا و تواناکانی بناسێت تا بزانێت بەرەو چ بوارێک ئاڕاستە بێت و دواتریش پلانێک نییە لە لایەن حکومەت، کە دیاری بکات ژمارەی پێویست بۆ بازاری کار لە هەر بوارێک چەندە تا بە پێی ئەوە ژمارەی خوێندکار لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەربگیرێت تەنانەت پلانێک نییە ڕوون بێت بۆمان، کە ئایا ئەم هەرێمەی ئەمڕۆ ئێمە چ چینێکی زیاتر پێویستە ئایا دەرچوی زانکۆی زیاتر دەوێت یان دەرچووی پەیمانگا، دواتریش دەرفەتی دامەزراندن ئەوە ڕوونە کەماوەیەکی زۆرە لەگەڵ ئەوەی ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە کەسی بەتەمەن خانەنشین دەکرێت بەڵام لەشوێنی ئەوان گەنجەکان لە دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگا دانامەزرێن ئەمانە وای کردووە کۆمەڵگەی ئێمە ڕووبەڕووی هەڵئاوسان بۆتەوە لەڕووی کۆردنەوەی ژمارەیەکی لەڕادەبەدەری دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگا، لەبەرامبەردا دەبێت حکومەت پلانی هەبێت کە دامەزراندن نیە ئەی چی بکرێت بۆی ئەم دەرچوانە بتوانن ببنە خاوەن داهاتێک و نە بنە مشەخۆر و بارگرانی و تێکەڵی لادان و تاوان و کێشە کۆمەڵایەتیەکان نەبن چۆن هاوکاری بکرێن بۆ ئەوەی ببنە خاوەن کارو پرۆژەی خۆیان.

٣.هەرچی سەبارەت بە شوێنەوارەکانی بێکاری هەیە لە سەر مێینە ڕوونە کار کردن تەنها بابەتێکی ئابووری نییە ئەوەندەی بابەتێکی دەرونی و کۆمەڵایەتییە، چونکە کارکردن واتە هێمن بوونەوە بەوەی کەسەکە لە ڕووی دەرونی هەست بە ئارامی و ئاسایش دەکات کاتێک دەبینێت ژیان و داهاتووی مسۆگەرە دڵەڕاوکێی نییە بۆ دابینکردنی نان و قوتی سبەینێی خۆی و خێزانی، بوون بە خاوەن داهاتێکی جێگیر کە پێداویستییە سەرەکی و لاوەکییەکانی ژیانت بۆ دابین بکات ئەمەش لە ڕووی دەرونی کاریگەری خۆی هەیە جونکە لەلایەک شوێن و پێگەیەکی بەرزت دەداتێ لە نێو ئەندامانی خێزان و لەلایەکی دیکە ترس نیە لەوەی نەتوانیت پێویستیەکانت پر بکەیتەوە ئەمە بە گشتی بەڵام بە تایبەت بۆ کچان زۆر گرنگە چونکە دەرفەتێکە بۆ چوونە دەرەوە و تێکەڵبوون بە دونیای دەرەوەی ماڵ بە خەڵکی پەیدا کردنی ئەزمون تێگەیشتن لە جیهانی چواردەور خۆ بەتاڵکردنەوە لە خەم و خەفەت و ئازار، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگەی ئێمە بۆ کچانی گەنج چوونە سەرکار و تێکەڵ بوون بەوانی تر دەرفەتێکە بۆ خێزان دروستکردن، چونکە بڕیاردان لە سەر هاوسەرگیری لەدەست پیاودایە نەک ژن بۆیە ئەمە چانسی ڕزگار بوون لە مانەوە و هاوسەرگیریکردن و منداڵ دروستکردن لە تەمەنێکی گونجاو، کە چانسی دروستکردنی منداڵی ساغ بۆ مێینەکان مسۆگەرتر دەکات ئەمانە هەمووی بابەتانێکن، کە لە ئەگەری بێکار بوون ئەم دەرفەتانەش لە دەست دەدرێت.

٤.سەبارەت بە میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوە وەک ئەوەی لە رای لێتوێژراوان و ئەندامانی فۆکەس گروپەکە دەردەکەوێت سەرەتا لە خێزانەوە دەست پێدەکەین، کە پێویستە شێوازی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵان بگۆڕن و کچانیش هەر لە منداڵییەوە لە سەر سەربەخۆبوون و پشت بەخۆبەستن و متمانە بە خۆ بوون و بە تواناکانیان تا کە گەورە بوون بتوانن لە سەر پێیەکانی خۆیان بوەستن، هەروەها داڕشتنەوەی یاساکانی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاری زیاتر بکەن لە سەر بەتواناکردنی کچان.

## ڕاسپاردەکان

١.بە پشتبەستن بەم دۆزینەوانە، پێشنیار دەکرێت کە داڕێژەرانی سیاسەت و پلاندانەرانی بازاڕی کار لە نزیکەوە چاودێری ڕەوتی بێکاری گەنجان بکەن و دەستێوەردانی ئامانجدار پەرەپێبدەن بۆ چارەسەرکردنی زیادبوونی ئەگەری. ستراتیژییەکان لەوانەیە بریتی بن لە فراوانکردنی ڕاهێنانی پیشەیی، پشتگیریکردن لە بەرنامەکانی کارگێڕی، و جێبەجێکردنی سیاسەتەکان کە هاندەری ڕەخساندنی هەلی کارن بۆ گەنجان. سەرەڕای ئەوە، نوێکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەردەوامی مۆدێلەکانی پێشبینیکردن هاندەدرێت بۆ دڵنیابوون لە پێشبینییە جێی متمانەکان بۆ پلاندانانی سیاسەتی داهاتوو و دەستپێشخەرییەکانی پەرەپێدانی هێزی کار.

٢.دەکرێت حکومەتی هەرێم بیر لە دروستکردنی سەنتەرێک بکاتەوە، کە ئەمەش دەکرێت سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی بێت و هەر دەرچوویەکی زانکۆ و پەیمانگا لە دوای تەواوکردنی خوێندنی لە و سەنتەرە ناوی خۆی تۆمار بکات بە سیستەمێکی ئەلکترۆنی پرۆفایلێک بۆ خۆی دروست بکات و سیڤی خۆی تیادا تۆمار بکات دواتر هەر هەوڵێك کە دەیدات بۆ دۆزینەوەی کار پشتگیریەک لەو شوێنە بهێنیت، کە سەردانی کردوون بە وەرگرتن یان وەرنەگرتنی و لە ناو پرۆفایلەکەی تۆماری بکات و لێرەوە لە ئەگەری بوونی دەرفەتی کار بە پێی سیڤییەکان و تا چەند کەسەکە بە دوای کاردا گەڕاوە چانسی وەرگرتنیان هەبێت و ئەم سیستەمەش ئەکرێت لەگەڵ زۆرێک لە کۆمپانیاکان و کەرتی تایبەت هاوبەش بێت، و هەر لە سەر ئەم بنەمایە دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە بیمەی بێکاری سوودمەند بن بەمەرجێک ئەو کەسەی، ئەم بیمەیە دەیگرێتەوە چەند هەوڵێکی گەرانی بۆ کار دابێت ئەوەش دەکرێت دواتر وردتر کاری لەسەر بکرێت.

٣. لە نێو ئامادەییەکان لە ڕێگەی ڕێنمایکاری پەروەردەی و کۆمەڵایەتی هاوکاری خوێندکار بکرێت لە قۆناغی ئامادەیی بەوەی کە خودی خۆی و توانا و حەزەکانی بزانێت و هاوکاری و ڕاوێژی پێ بدرێت بۆ ئاراستە بون بەرەو ئەو بەشەی کە خولیایەتی .

٤. لەنێو زانکۆکان سیستەمی خوێندن بەجۆرێکی لێبکرێت کە خوێندکار ئەوەی وەری دەگرێت بە تیۆری پراکتیزەی بکات و فێر بێت چۆن لە بوارەکەی خۆی گەشە بە تواناکانی بدات و بازاری کاری بۆ بدۆزێتەوە.

# سەرچاوەکان


١. مرزوق، نبيل(٢٠٠٥)، فقر و البطالة فى سورية،المركز العربي للدراسات الاستراتيجية(قضايا استراتيجية)، سلسلة دراسات شهرية ، عدد ٤١، دمشق ، سوريا.

٢. حوسو ، عصمت محمد (٢٠٠٩)، الجندر ( الابعاد الاجتماعية و الثقافية ) ، دار الشروق ، عمان – الاردن ، ط١ .

٣. موسى،سلامه(٢٠١٨)،ئافرەت بوکەڵەی دەستی پیاو نیە،وەرگێڕان:عبدالمجید پەزکەندی،چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی.

٤. النوري و الحسني، قيس و عبدالمنعم(١٩٨٥)، النظريات الاجتماعية ، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي ، جامعة بغداد ،ط١.

٥. وارتۆن ، ايمى . اس (٢٠١٤) ، علم اجتماع النوع ، ترجمة : هاني خميس احمد عبده ، المركز القومى للترجمة ، القاهرة ، ط١ .

6.Ferriman,K,Lubinski,D,and Benbow,C,P,2009,"Work preference ,life values and personal views of top math/ science graduate students and the profoundly gifted: Development changes and sex difference during young adulthood and parenthood."Journal of personality and social psychology.

7.Steel,C,1997,"A threat in the air .How stereotype shape intellectual identity." American psychologist .

Table (1) Comparison of ARIMA Models for Youth Unemployment Rate Forecasting Based on MAPE and Precision rate

| p | d | q | Model | MAPE | P |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | ١ | ARIMA(١'١'١) | ٦,٢٨٩٣١ | ٩٣,٧١٠٦٩ |
| ٠ | ١ | ٢ | ARIMA(٠'١'٢) | ٦,٢٩٢٢٦ | ٩٣,٧٠٧٧٤ |
| ١ | ٠ | ٢ | ARIMA(١'٠'٢) | ٦,٢٣٠٠٤ | ٩٣,٧٦٩٩٦ |
| ٢ | ٠ | ١ | ARIMA(٢'٠'١) | ٦,٢٤٥٤٩ | ٩٣,٧٥٤٥١ |
| ٠ | ١ | ١ | ARIMA(٠'١'١) | ٦,٢٧٢٦٥ | ٩٣,٧٢٧٣٥ |
| ٢ | ١ | ١ | ARIMA(٢'١'١) | ٦,٢٨٠٤١ | ٩٣,٧١٩٥٩ |
| ١ | ١ | ٢ | ARIMA(١'١'٢) | ٦,٢٨٤٨٣ | ٩٣,٧١٥١٧ |
| ٢ | ٠ | ٢ | ARIMA(٢'٠'٢) | ٦,٢٣٢١٦ | ٩٣,٧٦٧٨٤ |
| ٢ | ١ | ٢ | ARIMA(٢'١'٢) | ٦,٢٨٤٠٧ | ٩٣,٧١٥٩٣ |
| ١ | ٠ | ١ | ARIMA(١'٠'١) | ٦,٣٢٥٢ | ٩٣,٦٧٤٨ |
| ١ | ٢ | ٢ | ARIMA(١'٢'٢) | ٦,٣٠٣٧٢ | ٩٣,٦٩٦٢٨ |
| ٢ | ٢ | ٢ | ARIMA(٢'٢'٢) | ٦,٣٠٤١٨ | ٩٣,٦٩٥٨٢ |
| ٠ | ٢ | ٢ | ARIMA(٠'٢'٢) | ٦,٣٥١٦٤ | ٩٣,٦٤٨٣٦ |
| ٢ | ٠ | ٠ | ARIMA(٢'٠'٠) | ٦,٧٨٨٣١ | ٩٣,٢١١٦٩ |
| ٠ | ٠ | ٢ | ARIMA(٠'٠'٢) | ٦,٩٤٤٩١ | ٩٣,٠٥٥٠٩ |

## Evaluate Precision of forecasting Models

### Mean Absolute Percentage Error (MAPE)

Several statistical tests and measurements assess the accuracy and performance of the proposed model, among them Mean Absolute Percentage Error (MAPE). To evaluate the reliability and performance of the forecasting technique in this study, the MAPE index was employed. It is defined as follows:

$$MAPE = \frac{١}{n}\sum_{i=١}^{n}|PE_k| * ١٠٠٪ = \frac{١}{n}\sum_{i=١}^{n}\left|\frac{x^{(٠)}(k)-\hat{x}^{(٠)}(k)}{x^{(٠)}(k)}\right| * ١٠٠٪ \qquad (٩)$$

The forecasting accuracy level can be classified into four grades based on the MAPE of each model as indicated in Table (1):

**Table (1) Categorizing the grade of predicting accuracy.**

| Grade level | Highly accurate | Good | Reasonable | Inaccurate |
|---|---|---|---|---|
| MAPE | <۱۰٪ | ۱۰٪ - ۲۰٪ | ۲۰٪ - ۵۰٪ | >۵۰٪ |

A lower MAPE indicates higher precision in the forecasting model. Typically, a MAPE below 10% signifies an accurate model, while a MAPE between 10% and 20% denotes a good model with acceptable accuracy

### Precision Rate (p)

Precision Rate, which measures the level of the closeness of the statement of forecast quantity and the actual value, p is defined as follows:

$$p = ١٠٠ - MAPE(\%) \qquad (١)$$

**Table (2) Categorizing the grade of predicting accuracy.**

| Precision rank | Highly accurate | Good | Reasonable | Inaccurate |
|---|---|---|---|---|
| Precision rate (p) | $p \geq$ ٩٩.٠% | $p \geq$ ٩٥.٠% | $p \geq$ ٩٠.٠% | $p \leq$ ٩٠.٠% |

Table (2) shows a higher precision rate indicates greater precision in the forecasting model. Typically, a precision rate greater than 99% signifies an accurate model, while a precision rate between 98.0% and 95.0% suggests a good model with acceptable accuracy

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq